دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨١، هەینی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی» ٢

■ لە ٢٥ی گەلاوێژدا پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێر پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەوە بوون ٢

■ پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ساڵرۆژی فتوای بەدناوی خومەینی ٣



کوردستان «یووبیلی ئەڵماسی»ی لە بەرۆکی خۆی دا ٤



دیمانەی تیشک ٦



بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی حیزبی دێموکرات ٨



گرینگیی پرسی ژن و پاساکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران ١٠

## حیزبی دێموکرات مێژووی سیاسیی کوردە



خەباتی هەر گەلێکی ستەملێکراوی ژێر دەست بۆ ڕزگاربوون، پێوەندییەکی زۆر نیزیکی بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە.

بەو مانایە کە ئەو گەلانەی هەلی ئەوەیان نییە دامەزراوەی یاسایی و سیاسیی تایبەت بە خۆیان هەبێت لە ڕێگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، بۆ وێنە ئەحزابەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. ئەم ئاراستەیە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە پەسەند کراوە و مافی نێودەوڵەتی بۆ وێنە نوێنەرایەتی گەلی فلستینی بە دامەزراوەی ئازادیخوازی فەلەستین داوە.

بۆیە مێژووی خەبات و مێژووی سیاسی ئەو نەتەوانە پیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕێکخراوە سیاسییەکەیان و ڕێژەی بەرۆژبوونیان هەیە.

پاش داگیرکردنی ئێران لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە و هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی و دوورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ ئافریقای باشور، جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە پێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بە خێرایی پەرەی گرت. نەتەوەکانی ئێران خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک بوون بۆ پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە سەر بنەمای دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەری. جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد دژی زۆرداریی دەوڵەتی ناوەندیی بەهۆی چەند تایبەتمەندییەوە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەهێزتر بوو. لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژکاف) یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا دامەزرا.

ئەو ڕێکخراوەیە کە پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەبوو، ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام چونکە ژکاف نهێنی بوو و لە چوارچێوەیەکی داخراودا بوو، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی هەستی بە پێویستیی دامەزرانی حیزبێکی مودێرن و پێشکەوتوو کرد، هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەر بناغەی تەشکیلاتی (ژ.ک) بە هیمەتی پێشەوا قازی محەممەد و کۆمەڵێك لە ڕووناکبیر و ئازادیخوازانی کورد لە شاری مەهاباد دامەزرا و پرۆگرامی سیاسیی خۆی لە ٨ ماددەدا بڵاو کردەوە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژوویی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد و سەرەتایەك بوو بۆ پێکهاتنی حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێرن و هەروەها وەك حیزبێکی نەتەوەیی — دێموکرانیك هاتە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانەوە و خۆی وەك نوێنەری تێکڕای چین و توێژکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی دێموکرات لە نێو ڕووداوە سیاسییە گرینگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەك حیزبێکی جەماوەریی و مۆدێرن، پێشەنگی جووڵانەوەی نەتەوی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بووە؛ هەر بۆیە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی کورد بە گشتیی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە مێژووی سیاسیی خەبات بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بایەخی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدەرانی سەرکۆمار و هاوڕێیانی و دەستبەسەرکرانی سەدان ئەندامی حیزب و نفوزی ساواك لە تەشکیلاتی حیزبی توودەدا، حیزب لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی توودە پچڕاند. پاشان چالاکییەکانی خۆی لە کوردستانی ئێراندا ڕێکخستەوە. بڕگەیەکی دیکەی خەباتی حیزب، هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەکی چەکدارانە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، لە ساڵەکانی ٣٤٦-٤٧ی هەتاویدا بوو، کە ئەو ڕاپەڕینە نزیکەی هەژدە مانگی خایاند و پاش بەکارهێنانی سەرکوت و توندوتیژییەکی کەموێنە لەلایەن ڕێژیمی شا و شەهیدبوونی دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمان دامرکایەوە.

پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملو لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب، بۆ یەکەمجار پاش کۆنگرەی ٣، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە خاوەن بەرنامە و ئەساسنامەیەکی شیاوی هێزیکی مۆدێرن. ئاشکرایە کە بە سەوکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هەلومەرجی کوردستانی ئێران گۆڕانی بەسەردا هات، بەڕادەیەك کە بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دێتە ئەژمار. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش سی و دووساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەر لە نوێ ئاشکرابوونی خۆی ڕاگەیاند.

کوردستانی ئێران بۆ یەکەمجار لە دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستاندا تامی ئازادی ڕاستەقینەی دەچێشت و دەسەڵاتی ناوەندی بە سەرەوە نەبوو. پاش بێ ئاکام بوونی گفتوگۆی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم بڕیاری دا کێشەی کورد لە ڕێگای هێرشی نیزامیی و گەمارۆی ئابوورییەوە یەکلا بکاتەوە. هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێرشێکی بەربڵاوی نیزامیی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد کە پاشان خومەینی بە دەرکردنی فەتوای جیهاد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا لەشکرکێشی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەست پێکرد کە تا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا شەهید دوکتور قاسملو ڕێبەری نەتەوەیی کورد و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم کەسی کورد و ئێرانی بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی لە ئێراندا لە قەڵەم دا.

هەر بۆیە حیزبی دێموکرات ڕێفراندۆمی ڕێژیمی بۆ دامەزراندنی «کۆماری ئیسلامی» بایکوت کرد. بەڵام زۆر لایەنی چەپ و مارکسیستی، ئەو باوەڕەیان لا دروست ببوو کە خومەینی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و بەتایبەت ئەمریکا هەنگاو دەنێت و هەر بۆیە بەکردەوە پشتیوانیان لە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکرد.

کاتیك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لە لایەن تاقمێك خوێندکارەوە دەستی بە سەردا گیرا و هێرشی نیزامیی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، پشتیوانیان لەو حەرەکەتەی خوێندکارانی پێڕەوی ئیمام و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان کرد.

بەڵام حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتی شەهید دوکتور قاسملو ئەو کردەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، مەحکووم کرد کە ئیستا بۆتە جێگای ڕێزی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی و بیانی. ئەوڕۆکە چەمکەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆتە فەرهەنگی ڕزگاریی بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکرات هەر لە کاتی دامەزرانییەوە تا ئێستا دووربینترین، پێشکەوتنخوازترین و مۆدێرنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێرانە کە باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەبووە. هەر بۆیە ئیستاش پاش ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا، ڕێباز و قوتابخانەی حیزب و گەلاوێژ نەك هەر تۆزی کۆنبوونی لێ نەنیشتووە، بەڵکوو وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە و وەك گونجاوترین ڕێبازی ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا دەرکەوتووە.

بۆیە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین مێژووی سیاسیی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوو هەر هەمان مێژووی پێکهاتن، هەڵکشان و داکشانەکانی حیزبەکانی و زیاتر لە هەموویان حیزبی دێموکراتە؛ بۆ وێنە هەروەک چۆن مێژووی سیاسی ٧٥ ساڵ لەمەو پێشی کوردستان بریتییە لە چۆنیەتی گۆڕینی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکرات و هەروەها چۆنیەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە دەستی ئەو حیزبە، ئەگەر پەنجا ساڵی تر لێکۆڵەران بیانهەوێ مێژووی ئەمڕۆی کوردستان بخوێننەوە، بڕبڕەی پشتی ئەو خوێندەوەیە، واتە دەقی مێژوو بۆ ئەوان بریتی دەبێت لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە هەموو ڕەهەند و فازەکانی خەباتییەوە.

### پەیڤ

### ڕەوەزەکانی شۆڕش

**کەریم پەرویزی**

کاتێك لە خەبات و شۆڕشی نەتەوەیەکدا باس لە هێزی مرۆیی و گیانلەسەردەستی ئەو شۆڕشە دەکرێ، بەدروستی وەکوو پێشەنگی خەبات و گیانبازانی ڕیزی هەرەپێشەوەی شۆڕش جێگای ڕێزی تایبەتین لە نێو نەتەوەکەدا و لە نێو کوردیشدا کە ئەو کەسانە هەم پێشەنگن و هەم وەپێش مەرگی خۆیان کەوتوون، بە پێشمەرگە دەناسرێن و پێشمەرگە لە ڕۆڵە هەرە فیداکار و خاوەن باوەڕەکانی نیشتمان پێك دێن کە لە پێناوی بونیاتنانەوەی نیشتماندا گیانیان دەکەنە هەوێنی هەڵچنینەوەی دیواری خانووەکانی نیشتمان.

بەڵام لە هەمانکاتدا کە باس لە پێشمەرگە و سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکرێ، زۆرجار بەجوانی سرنجی ئەو ڕەوەزانە نادرێ کە پێشمەرگە لە پشتیان سەنگەری گرتووە و لەوێوە و بە پشتبەستن و دڵنیایی لە قورس و قایمیی ئەو ڕەوەزانەیە کە سیرە لە دوژمن دەگرێ و ئەرخایەنە کە دەتوانێ درێژە بە خەبات و گیانفیداییەکەی بکا.

لە نێو نەتەوەی کورددا زۆرن ئەو کەس و گرووپانەی کە بۆ پێشمەرگە ڕۆڵی ڕەوەزەکانی سەنگەر دەگێڕن و بە بوونی ئەوانە کە پێشمەرگە سەنگەرکانی قایم ڕادەگرێ.

زۆرجار باس لە ژن و ڕۆڵی ژن لە خەباتی نەتەوەیەکدا دەکرێ و لە حیزبی دێموکراتیشدا بەحەق باس لەوە دەکرێ کە هەر لە یەکەم بناخەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە و لە سەردەمی کۆماردا هەوڵ دەدرێ کە ژنان بەشداری شۆڕش بکرێن و بە درێژایی سێ چارەکە سەدە خەبات و قوربانیدان و هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی بیر و ڕێگای خەبات لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستاندا، ژنانیش بەرەبەرە بەشدارییان زیاتر و زیاتر دەبێ و لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشەوە زۆرتر و زیاتر دەردەکەون و ڕۆڵ دەگێڕن. بەڵام ئەوە هەموو ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشدا نەبووە و زۆر لایەنی دیکەی هەن کە کەم جار باس کراون و مافی ڕاستەقینەی ژنان لە شۆڕشدا بەتەواوی پێ نەدراوە.

بەشێوەی گشتی بنەماڵەکانی پێشمەرگەکان، چ ئەو بنەماڵانەی لەگەڵ پێشمەرگەکان و لە مەقەڕ و بنکە و کەمپەکانی پێشمەرگەدا لەگەڵ هاوسەر و باوك و دایکی پێشمەرگەیان دەژین و چ ئەو بنەماڵانەی کە لە نێوخۆی کوردستان و لە نێو کۆمەڵگادا دەژین و ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان لە ڕیزی شۆڕشدان، دەور و جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لە خەباتی

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی کورد کاک «جەلیل گادانی»



بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٦ی ئاگوستی ٢٠٢٠ی زایینی تێکۆشەری ناسراو و دێرینی بزووتنەوەی کورد و هاوڕێی دەیان ساڵەی خەبات و خۆڕاگریی تێکۆشەرانی دێموکرات، پاش تووشبوون بە کۆڕۆنا و حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم بەڵا هەمەگیرە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو تازە لاوانەی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو کە هەر لەو کاتیەوە ئۆگری ئازادیی نەتەوەکەی و خەبات لەپێناو وەدیهاتنی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بوو.

لە پاش جوانەمەرگبوونی کۆمار لەو تێکۆشەرانە بوو کە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکان لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام دابوو لە ڕەوتی ئەو تێکۆشانەدا چەند جار دەستگیر و زیندانی کرا و هەر جارێک پاش ئازادبوون بۆ تێکۆشان و درێژەی خەبات تێهەڵدەچۆوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ چەند ساڵ وەک یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزب ماندوویی نەناسانە لە هەوڵ و تێکۆشان دابوو.

کاک جەلیل جیا لەوەی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خەڵکی بوو، لەدەستچوونی ئەم تێکۆشەرە بۆ هەموو لایەک جێگای پەرۆش و خەمبارییە.

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی بۆ لەدەستچوونی ئەم تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی و هەموو دۆست و ئاشنایان و هاوسەنگەرانی دەکات و هیوا دەخوازین کە ڕووحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٦ی ئاگوستی ٢٠٢٠ی زایینی**

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی کاک «جەلیل گادانی» بەشداریی کرد

هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کاک «جەلیل گادانی» تێکۆشەری دێرینی دێموکراتدا بەشداریی کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی، هەیئەتیکی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «حەسەن شەرەفی» جیگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە پرسەی تێکۆشەری دێرینی دێموکرات کاک «جەلیل گادانی» کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن هەیئەتێک لە هاوڕێیانی پێشوو بە سەرپەرستیی «مستەفا مەولوودی» پێشوازییان لێکرا.




«شەرەفی» بە ناوی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە، هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ لەدەستدانی کاک «جەلیل» پێ ڕاگەیاندن و «مەولوودی» سپاسی هەڵوێستی حیزب و هاوخەمی دەربڕینی کرد، بەتایبەت بە ڕاگەیاندنی ناوەندی سیاسی و بەشداریی حیزبی دێموکرات.

کاک «جەلیل گادانی» پاش تەمەنێک خزمەت و خەبات، ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ بە نەخۆشیی کۆڕۆنا، هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بە یەکجاری بەجێ هێشت.

# لە ٢٥ی گەلاوێژدا
# پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەوە بوون




لە جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ تێکەڵاو لە کوڕان و کیژانی نیشتمان، چەکی پیرۆزیی نیشتمانیان لەشان کرد و سەلماندیان کە ڕێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی درێژەی هەیە.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژی ٩٩ی هەتاوی، دەورەی ٢٤٣ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بەرپرسانی سیاسی و نیزامی بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سرووی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «کاوە بەهرامی» بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێڕای ئەویکە پیرۆزبایی ئەو دەورەیەی لە بەشداربووانی دەورەکە کرد، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

دوای وتەکانی «کاوە بەهرامی»، شێعرێک لەژێر ناوی «بۆ خاک و نیشتمان» لەلایەن بەشداربووی دەورە، هاوڕێ «مۆبین» خوێندرایەوە.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە، لەلایەن «هێمن ڕەسووڵ ئابادی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی دەورەی ٢٤٣ی سەرەتایی پێشمەرگە، بەبۆنەی کۆتایی دەورە لەلایەن هاوڕێ «حەبیب» بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا.

لەو دەورەیەدا سێ کەسی یەکەم لە بواری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان و هەروەها سێ کەسی یەکەم لە بواری نەزم و دیسیپلینەوە لەلایەن بەرپرسانی فێرگەوە خەڵات کران.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانییەک لەلایەن هاوڕێیان «فواد و ئەیووب» بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵڕۆژی فتوای بەدناوی خومەینی و هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

خەڵکی خۆڕاگر و بەهەڵوێستی کوردستان!
حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی!
ئەمڕۆ ٢٨ی گەلاوێژ، ٤١ ساڵ بە سەر فتوا بەدناوەکەی خومەینی و هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان تێدەپەڕێ.
لە پاش شۆڕشی گەورەی خەڵکی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەو وڵاتە وا چاوەڕوان دەکرا کە ئێران بەرەو سەقامگیری و دانان بە مافەکانی خەڵکدا بڕوا، چونکە لەلایەک گەلانی ئێران هەم تێچوویەکی زۆریان بۆ ئەو شۆڕشە و لابردنی ڕێژیمی پێشوو دابوو، هەم ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وادە و بەڵێنیی وایان بە خەڵک دابوو کە ڕێز لە داخوازییەکانی ئەوان دەگیرێ و ڕێگا بە هەموو هێزە سیاسییەکانی بەشداری شۆڕش دەدرێ کە پێکەوە ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان بنیات بنێنەوە، بەڵام بەداخەوە هەر زوو ئەو شۆڕشە گەورەیە بەلاڕێدا برا و پشت لە هەموو ئاوات و ئامانجەکانی خەڵک کرا.
یەکێک لەو گەلانەی چوارچێوەی جوغرافیای ئێران کە بە هەموو شێوەیەک ڕۆڵی لەو شۆڕشە مەزنەدا هەبوو، گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوون، کە خوازیاری ئەوە بوون لە پاش شۆڕش، کۆتایی بەو هەموو ناحەقی و نەهامەتییانەی لە ڕێژیمی پێشوودا بەرانبەریان کرابوو، بهێنرێ.
خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ئەوە بوون و بە کردەوەش سەلماندیان کە دەیانهەوێ بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی پرسی کورد لەگەڵ ناوەند چارەسەر بکەن.
بەڵام بەداخەوە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی باوەڕی بە چارەسەریی پرسی کورد نەبوو و داوای ئاشتییانەی خەڵکیان بە فتوای شەڕ و هێرش بۆ کوردستان وڵام دایەوە.
کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە فتوای خومەینی هێرشێکی هەمەچەشنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە زەوین و ئاسمانەوە بۆ کوردستان دەستی پێکرد.
لەو هێرشە داعش ئاساییەی سەردەم ئەوەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە دەستیان هات کردیان. لە بۆمباران و تۆپبارانی شار و گوندەکانەوە بگرە هەتا کوشتنی ژن و منداڵ و ئێعدامە بەدناوەکانی دادگاییە چەند خولەکییەکانی خەڵخاڵیی جینایەتکار.
لەم ٤١ ساڵەدا هەتا ئێستا بە دەیان هەزار خەڵکی بێدەرەتانی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بە دەیان شار و گوندی کوردستان خاپوور کراون و بە دەیان ڕێبەری و سەدان کادری سیاسیی لێوەشاوەی کورد بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراون.
بە هەزاران پێشمەرگە شەهید کراون و زیاتر لە دوو هەزار زیندانیی سیاسی لە زیندانەکان ئێعدام کراون.
ئێستاش پاش ٤١ ساڵ هێشتا کار بەو فتوایە دەکرێ و ڕێژیم دەستی لە جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان هەڵنەگرتووە.
خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!
٢٨ی گەلاوێژ ئەگەر لەلایەک ساڵڕۆژی وەها فتوایەکی بەدناوە، لەلایەکی دیکەشەوە وەبیرهێنەرەوەی بڕیاری بەرگریی گەلی کورد و سەرکردایەتی بوێری شۆڕشەکەی و بەرەنگارییەکی پیرۆزە کە نیشاندەری ئیرادە و هێزی باوەڕی نەتەوەیەکە کە ڕێگای نەدا و ڕێگا نادا ملهۆڕییەکان و جینایەتەکانی دەسەڵاتی تاران بەچۆکیدا بێنێ و تەسلیمی ویست و داخوازییە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببێ. ئەوە ٤١ ساڵە کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان، لە مەیدانی بەرگری دان و سەرەڕای قوربانیدان و تێچووی زۆر نەیانهێشتووە بیر و هزری دواکەوتوانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژی تاران بە سەر کوردستاندا زاڵ ببێ.
بۆیە لەم ڕۆژە مێژووییەدا وێڕای سەری ڕێز و کڕنۆش لە بەرانبەر ڕووحی پاکی شەهیدانمان، جارێکی دیکە بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەین کە، هەتا گەییشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین و هاوکات داواشیان لێدەکەین وەک چۆن ئەو هەموو ساڵە پاڵپشتمان بوون و هەن، دەبا هەموومان و بە هاوکاری و یارمەتیی یەکتر خەباتی گەرموگوڕی خۆمان بەرینە پێشێ و بە هیممەتی هەموو لایەکمان ڕێژیمی داگیرکەری تاران لە وڵاتی خۆمان وەدەر بنێین و ئازادی و ئاوەدانی بۆ وڵاتەکەمان بە دیاری بێنین.
نەفرەت لە فتوا و فەرمانی خومەینی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێرشی وان بۆ سەر خەڵکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردستان

**سڵاو لە بەرگری و خۆڕاگری و گیانبازی و فیداکاریی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییە دەروەستەکانی**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٩**

## پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخستنی گشتی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

کۆمەڵانی ئازادیخواز و شۆڕشگێری کوردستان،
هۆگران و ئەویندارانی ڕێبازی دێموکرات
ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات،
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،
زیندانیانی سەربەرز و خۆڕاگری سیاسی،
٧٥ ساڵ لەمەوبەر بەپێی زەروورەتێکی سیاسی و بە پاشخانێکی مێژوویی و لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ-ک)، بە مەبەستی ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەی کورد و لە هەلومەرجی سیاسی نوێی ناوچەکەدا و لە سەر دەستی نەمر پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەستێرەی پڕشنگداری جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان دامەزرا و لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٧٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شانازی و سەروەری خۆی تێپەڕ دەکا و یووبیلی ئەڵماس لە بەرۆکی خۆی دەدات.
بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد و تەڤگەری ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان پێیان نایە قۆناغێکی نوێ لە خەباتێکی مۆدێرن و سەردەمیانە و خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی و پێشکەوتنخوازانە.
حیزبی دێموکرات بە درێژایی ژیانی سیاسی و قۆناغە سەختەکانی خەبات و تێکۆشانی لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ ساتێکیش بێت لە چالاکی و خەبات سڵی نەکردۆتەوە، و دێڕ بە دێڕی مێژووی تێکۆشانی حیزبەکەمان لە وەرزە زێڕینەکانی خەباتدا تۆمار کراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەنگاوەکانی لە پێناو ئاشتی و ئازادی و وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا پتەوتر کردووە.
بەم بۆنە پیرۆزەوە بە ناوی ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات پیرۆزبایی لە هەموو ئازادیخوازان بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی دەکەین و هەروەها لە ئاستی گیانی هەموو ئەو شەهید و نەمرانەی کە لە ڕێگای خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات و لە ڕەوتی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەماندا سەریان نایەوە و گیانیان فیدای بەختەوەری نەتەوەکەیان کرد سەری ڕێز دادەنەوێنین.
گەلاوێژ، خاڵی گەشانەوەی هیواکان لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و مافویستی کوردستان پیرۆز و هیواتان بەرزتر بێت.

**ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرووەی وڵات**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی**

### درێژەی پەیڤ

کورددا هەبووە کە زۆر بە کەمی باسیان لێوە کراوە.
ژنان و بنەماڵەکانی پێشمەرگەکان، چ ئەوانەیان کە لەگەڵ پێشمەرگە و لە ژێرمیچی ماڵە پێشمەرگانەکاندا لەگەڵیان دەژین و چ ئەوانەی لە نێو کۆمەڵگان و ئازیزانیان لێیان دوورن، بەشێوەیەکی گشتی و گشتگیر، ڕۆڵی ڕەوەزەکانی سەنگەریان گێڕاوە کە پشتوپەنا و قەڵغانی بەرگری لە فیشەك و تیری ژەهرینی دوژمن و هەم سێبەر و حەشارگە بۆ حەسانەوەی پێشمەرگە بوون.
ئەم ڕەوەزە گرنگ و پڕبایەخانەی شۆڕش جێگای ڕێز و یادکردنەوەی تایبەتن و دەبێ لە یادکردنەوەی ساڵیادی دەسپێکی شۆڕشی مۆدێرن و نوێی کوردستاندا، لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی قوتابخانەی گەلاوێژدا پیرۆزبایی لەوانیش بکەین و پێیان بڵێینەوە کە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی ئێوەمان لەبەر چاوە و بێ ئێوە سەنگەری پێشمەرگە ئاوەدان نابێ؛
ساڵیادی ئەم شۆڕشە مەزنە لە ئێوەش پیرۆز بێ.

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوانەوە

کوردستانییانی ئازیز!
لاوانی شۆڕشگێڕ و نەتەوەخوازی نیشتمان!
لاوان وەک توێژێکی زیندوو و خاوەن ئیرادەی کۆمەڵگە، بەردەوام و بەدرێژایی مێژوو هێز و داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکان بوون، هەر بۆیە لە وڵاتان و کۆمەڵگە پێشکەوتوو و ئازادەکاندا بە گرینگییەوە چاو لەم توێژە کراوە و دەکرێت و لەپێناو تەیارکردنی لاوان بە پەروەردەیەکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە هەوڵدەدرێت.
ساڵانە لە ڕۆژی ١٢ی ئاگوست کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوان دیاری کراوە، چالاکیی جۆراوجۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە مەبەستی تیشک خستنەسەر پرسە پەیوەندیدارەکانی لاوان لە وڵات و کۆمەڵگە جیاوازەکان و هاوکات پرسی لاوان لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوە دەچێت. نەتەوە یەکگرتووەکان لە میانەی کۆنفرانسێکی جیهانی کە لە ڕێکەوتی ٨ بۆ ١٢ی ئاگوستی ١٩٩٩ی زایینی لە «لیسبۆن»ی پێتەختی وڵاتی پۆرتوگال بەڕێوە چوو، ڕۆژی ١٢ی ئاگوستی وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوان دیاری کرد هەتا لەم ڕێگەوە دەرفەت و هەلێک لە ئاستی جیهانیدا بۆ حکوومەت و دەوڵەتەکان بڕەخسێنێت کە پرسی لاوان لە کۆمەڵگەکانیاندا بهێننە ڕۆژەڤ و لە هەوڵی بەردەوامدا بن تا وەکوو ئەم توێژە زیندوو و خاوەن پۆتانسیێلەی کۆمەڵگە لە ماف و داخوازییەکانی بەهرەمەند بێت و بە ڕەخساندنی هەلی لەبار و گونجاو بۆ بەشدارییان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کۆمەڵگاکانیان ڕێگە بۆ نوێکردنەوەی ئەم بوارانە و هاتنی بیر و ئایدیا نوێخوازەکان بکەنەوە.
هەرساڵ نەتەوەیەکگرتووەکان وێڕای بەرزڕاگرتنی ڕۆژی نێونەتەوەیی لاوان دروشمێکی تایبەت بەم ڕۆژە بڵاو دەکاتەوە کە ئەم دروشمانە بەشێکن لە بەرنامەی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمساڵ نەتەوەیەکگرتووەکان دروشمی «بەشداری لاوان لەپێناو کردە یان چالاکییە جیهانییەکان»ی وەک دروشمی تایبەتی خۆی بۆ ڕۆژی ١٢ی ئاگوست دیاری کردووە. ئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەڵبژاردنی ئەم دروشمە ڕەخساندنی بوار و دەرفەتی زیاترە بۆ بەشداریی لاوان لە ئاستە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانیدا تا لەم ڕێگەیەوە لاوان وەکو توێژێکی نوێخواز و ئاڵوگۆڕخوازی کۆمەڵگەکانیان بتوانن لە ئاستی بابەتە پەیوەندیدارە جیهانییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت. ڕووداو و پێشهاتە جیهانییەکان لە وێنەی گەرمبوونی زەوی، پەتای جیهانیی کۆرۆنا، پرسی سووریە و میانمار دەخوازێت کە کاردانەوەکان لە ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی بۆ کاردانەوەیەکی جیهانیی و گشتگیر بگوازرێتەوە بۆیە بەشداریی لاوان لە کاردانەوە و چالاکییە نێونەتەوەییانەدا زامنی کاریگەرتربوونی ئەم کردەوانەیە. ئێمە لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی بزاڤی شوناسخوازیی نەتەوەکەمان دامەزراوین و بە ئامانجی بەرینترکردنی خەبات و جوڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان بۆ حەفتا و پێنج ساڵە تێدەکۆشین و هاوکات هەوڵمانداوە پرسی لاوانی وڵاتەکەمان بە گوێی لاوانی جیهانیش بگەیێنین تا لەم ڕێگەیەوە بە کردەوە هەنگاومان بەرەو زیاتر بە نێونەتەوەیکردنی پرسی نەتەوەکەمان هەڵهێنا بێت.
ئێستاش کە لاوانی جیهان لە وڵات و کۆمەڵگە ئازاد و دێموکراتیکەکانیان پێداگری لەسەر بەشداریی زیاتری لاوان لە بوارە جیاوازەکانی یاسا و سیاسەت دانان و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگە و وڵاتەکانیان دەکەن ئێمەش وەکو ڕێکخراوێکی سیاسیی تایبەت بە توێژی لاو کە بەردەوام بەشێکی دیار و بەرچاوی بزاڤی شوناسخوازیی نەتەوەکەمان بووین پێداگری لەسەر بەشداریکردنی لاوانی وڵاتەکەمان لە ڕیزەکانی شۆڕش و جوڵانەوەی نەتەوەیی و لە ئاستی بەرزدا دەکەین. یەکیەتیی لاوان لە هەوڵی بەردەوامی خۆی بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی لاوانێکی وشیار و شۆڕشگێڕ لە ڕاستای کاریگەرتربوون لە شۆڕش و جوڵانەوەدا بەردەوام دەبێت هەتا وەکوو ڕێگە بۆ بەشداری توێژێکی زیندوو و خاوەن ئیرادە بکاتەوە و پێشکەوتنی وڵات و کۆمەڵگەکەمان لە بوارە جیاوازەکاندا و بە ئایدیا و بیری نوێخوازەوە بڕەخسێنێت.

**بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی ١٢ی ئاگوست**
**سەرکەوێ خەباتی لاوانی شۆڕشگێڕ و نەتەوەخواز**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# کوردستان «یووبیلی ئەڵماسی»ی لە بەرۆکی خۆی دا

## ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزب لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە گەرم و گوڕییەکی تایبەتەوە بەرەوپیری ٢٥ی گەلاوێژ و ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبەکەیانەوە چوون و بەشێوازی جۆراوجۆر ئەم یادە مەزنەیان بەرز ڕاگرت.




**سەردەشت:**

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گەلاوێژ، ئەندامان و لایەنگرانی بەوەجی حیزبی دێموکرات لە «سەردەشت» بوێرانە دەستیان داوەتە چالاکیی تەبلیغی و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**بۆکان:**

هەر لەو پێوەندییەدا لە گوندەکانی ناوچەی «پیرمحەممەد»ی بۆکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە چالاکییان بەڕێوە برد. ئەو گوندانەی بۆکان کە چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «قەرەداغ، دەروێشان، قزلگومبەد، قەرە گوێز، شاریکەند، عەیش ئاباد، چوار دیوار، باغچە، سەیداوای قاجر، جەمۆغە، مەحمودئاوا، کانی پانکە و بوغدە داغی و هەروەها لە سێرێیانی خولامالی». هەروەها لەنێو شاری «بۆکان» لە زۆربەی شەقام و پاساژەکانی ئەو شارەدا بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی یادی ئەو ڕۆژە مێژووییەیان بەرز ڕاگرت. دڵسۆزانی دێموکرات لە گوندی «ڕەحیم خان» لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چوونەتە سەر شاخی ئاڵەشین و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کردووە و تا درەنگانێکی شەو ئاڵاکە شەکاوەتەوە. هەروەها لە شوێنەکانی وەک عەلی ئاباد هەتا کوڵتەپە، فەرهەنگیان، میراوا، جادەی سەد، نەخۆشخانەی تازە و شەقام و کۆڵانەکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەر لە بۆکان لە شوێنەکانی وەک: «باخچەی گەورە، تەرەغە، عەزیزکەند، سێرێیانی کێوی تەرەغە ـ نۆبار، سێریانی نۆبار قەرەکەند، سێرێیانی دونگوز، سێرێیانی ئاختەتەر، شێخلەر، شەبەکە بێهداشتی بۆکان، نەخۆشخانەی کۆن، ئازمایشگای مەرکەزی، مزگەوتی مێعراج، مزگەوتی حەسەن ئیفتخاری، قوتابخانەی نیایش، ساڵمەندان، شەقامی عەشایر، بێهداشت و بێهزیستیی عەلی ئاباد، مزگەوتەکانی سەلاحەدین ئەیووبی، مزگەوتی بازاڕی مەجبوراوا، مزگەوتی حاجی ئیبراهیم ئازەری، ئیدارەی دوخانیات، قوتابخانەی ئیستقلال و شەرەف هەروەها ئیستەخری ڕەشید عەبدوڵڵاهی» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

ئەندامانی ماندوونەسانی دێموکرات لە گوندی «برایم ئاباد»ی ئاڵەشینی بۆکان بۆ چەندین جار بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە سروودی شۆڕشگێڕانەیان لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بڵاو کردووەتەوە. هەر لە «بۆکان»ەوە لە «ناڵەشکێنە، ئاڵبلاغ و بازاڕی حەیوانان» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکاندا ئەندامانی حیزب لە شاری بۆکان لە ڕێگای کورتەنامە و پۆست، پیامی پیرۆزباییان بۆ کاربەدەستانی ئیدارات، بەشێک لە کەسایەتییەکانی فەرهەنگی، مەدەنی، سیاسی و ئاینیی ناردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات ٢٥ هەزار کورتەنامە و ٥٠٠ نامەیان لە ڕێگای پۆستەوە بو ئیداراتی ڕێژیمی ئێران ناردووە. هەروەها بۆ بەشێک لە بنەماڵەی شەهیدان ئارمی حیزب، گوڵ و شیرینیی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژیان ناردووە.

هاوکات لە بۆکان لە شوێنەکانی وەک: « شەقام و کوچەکانی چوارڕای تراشکاریی بەهرامی، ئیدارەی دامپزیشکی، ئازادەگان، سێرای خاوەران هەتا سیلۆ قەدیم، شەقامی سەقز هەتا مەیدانی فوتباڵ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە چالاکییەکی دیکەدا لە «بۆکان»ی تێکۆشەرانەوە بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی و تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە ئەو ڕۆژە مێژووییەیان بەرز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی دەورووبەری بۆکان کە چالاکیی تەبلیغی تیدا بەڕێوە چووە بریتین لە: « باخچە، شاخی تەرەغە، و میرقاز، پاشبلاغ، عەزیزکەند، ئەختەتەر و دەنگز»، هەروەها لە گوندی «برایم ئاوا»ی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان قارەمانانی دێموکرات لە بڵندگوی مزگەوتی ئەو گوندە سروودی شۆڕشگێڕی و وتەی ڕێبەرانیان بڵاو کردووەتەوە.

**دیواندەرە:**

هەروەها لە شاری «دیواندەرە»ی هەمیشە دێموکراتەوە قارەمانانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبەکەیان بەرز ڕاگرت.

**هەورامان:**

لە هەورامانی دێموکراتەوە لە گوندی «ڕووەرە و هەجیج» تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژیان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها پێشمەرگانی شار لە هەجیج بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیمانیان نوێ کردووەتەوە کە هەتا دوایین ساتەکانی ژیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار دەمێننەوە.

هەر لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکاندا وەفاداران بە ڕێبازی دێموکرات لە گوندی «هەجیج» سەر بە شاری پاوە و لە ئاوایییەکانی «دەڵ و ڕوار» بۆ چەندەمین جار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و ئەو یادەیان بەرز ڕاگرتووە. لە «پاوە»ی قەڵای خۆڕاگرییەوە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە پیرۆزە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ، ئەمەگناسیی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان نیشان دا. هەروەها ئەویندارانی ڕێبازی دێموکرات بە نووسینی دروشمی حیزبی و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر یادی یووبیلی ئەڵماسیی حیزبیان بەرز ڕاگرت. لە «نۆدشە» پێشمەرگە نەسرەوتووەکانی دێموکرات، لە چالاکییەکدا بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە ئاگریان هەڵ کردووە و بە بڵاوکردنەوەی یووبیلی ئەڵماسی هەورامانیان ڕووناک کردووەتەوە و خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لەو چالاکییە کردووە. هەروەها بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت.

**پیرانشار:**

لە پیرانشاری قارەمانەوە ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شەقامی مەنگوڕ، کۆلانەکانی دەوروبەری قوتابخانەی شورا و گوندەکانی دربکە و خراپە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها لە گوندی «قەڵاتەڕەش»ی پیرانشار یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت و ئەو یادەیان مێژوویەیان پیرۆز کرد.

لە پیرانشار ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە سەیرانگای «خەرپاپ» بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە شاری پیرانشار تێکۆشەرانی دێموکرات لە پارکی «خەیام، شەقامی کانی جۆ،سیداوا و سەرگردەی پیرانشار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ڕێبوارانی ماندوونەناسی ڕێبازی دێموکرات لە شاری «پیرانشار»ی قارەمانانەوە لە گوندەکانی «گردکسپیان، گردکشانە، پەسوێ، خورینج، ئەندیژێ، گردەبن، حاجی غەڵدە، کانی باغ « بە بەڕێوە بردنی چالاکیی تەبلیغی وەفاداری خۆیان بە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

ئەندامانی دەروەستی حیزبی دێموکرات لە «پیرانشار»، وێڕای پەیامی پیرۆزبایی لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، ئاڵایەکی ١٢ میتریان لە نێوەڕاستی «سەرگردە» هەڵ کردووە و ئەو ئاڵایە بە شێوەیەک بووە لە هەموو شارەوە بە جوانی دیار بووە.

پێشمەرگەکانی شار لە «پیرانشار» بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری پیوەندیدار بە ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان بەرز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی پیرانشار کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «زەوییەکانی پاداش، قوتابخانەی کارودانش و فەلەکەی ئەوراز.

**نەغەدە:**

پێشمەرگە خۆنەویستەکانی دێموکرات لەشاری «نەغەدە» و «سندووس»ی هەردەم لە سەنگەرەوە بۆ ڕێزگرتن لە ٧٥ ساڵ خەباتی بێوچانی حیزبەکەیان ئاڵای پیرۆزی کوردستانیانیان لە «دیواری حەوزەی عیلمییە و مەنتەقەی ٥٣ هێکتاریی نەغەدە» هەڵکرد و ئەو یادە مێژوویەیان پڕ شکۆ ڕاگرت.

هەروەها لەو گەڕەک و شەقامانەی «نەغەدە» چالاکیی بەڕێوە چووە کە بریتین لە «دەشتی قورە، بەگم قەڵا، قوتابخانەی ئێرشاد، کۆڵانەکانی پشت مزگەوتی سەید کەماڵی، دوکتور لوتفی، دادگا و شەقامی باڵقچی» و هەروەها لە گوندی «گەرگوولی خوارێ» ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد و ڕێزیان لەو ڕۆژە پیرۆزە گرت.

**مەهاباد:**

وەفاداران بە ڕێبازی دێموکرات لە شارۆچکەی «گوێکتەپە»ی مەهاباد ماندووەنەناسانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێو شاری «مەهاباد» و گوندەکانی دەورووبەرییەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و سەلماندیان حیزبی دێموکرات لە دوای ٧٥ ساڵ خەبات، ئێستاش شێلگیرانەتر لە جاران حیزبی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

ئەو شوێنانەی نێو شاری مەهاباد کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «فەجر، مەیدانچەی حەسەن زادە، باغی شایگان، بەری شیلانان، بەری مەدرەسە، سێرێیانی قەبرستانی مەهاباد و هەروەها گوندەکانی «ئوزندەرێ، گابازڵە، کۆنەدێ، لاچین، شیلاناوێ، سەیدئاوا، حاجی ئالیکەند، قەرەبلاغ، کەپەکەند، بەردەمێش و زگ دڕاو» و هەروەها ڕێگاکانی «قەرەبلاغ بۆ دەرمان، دەرمان بۆ قەمتەرێ.

لە شاری مەهاباد ڕۆڵەکانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە «بەری شیلانان، بەری مەدرەسە و باغی شایگان» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

پۆلێک لە ئەندامانی تیمی تەشکیلاتی پێشەوا لە مەهاباد بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و بە دانانی چەپکە گوڵ پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی گەلاوێژ، پۆلێک لە ئەندامانی تیمی تەشکیلاتی پێشەوا لە مەهاباد بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی گۆڕی شەهیدان ‹‹سلێمان موعینی، سەرگورد عەباسی و سەروان ئەحمەد چەڵەبیی››یان کرد و بە دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گڵکۆی ئەو نەمرانە پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

هەر بەو بۆنەوە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات پەیامێکیان بڵاو کردەوە.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا هاتووە، بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی پێشەوا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێی سیاسی و نیشتمانی و مۆدێرنەوە.

لەو پەیامەدا هاتووە دوای قۆناغی ڕاسانیش خەڵک هیوایان پەیدا کرد و ئەندامان و لایەنگرانی نەک حیزبی دێموکرات بەڵکوو ڕاسان جووڵێنەری ئەندامان و لایەنگرانی تەواوی حیزبەکانی دیکەش بوو و هەموو ئومێدیان بەو خەباتە نوێیە پەیدا کرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی گەورکایەتیی «مەهاباد» لەسەر شاخی «قەڵات» کە دەڕوانێتە سەر گوندەکانی «سوێناس، کاوڵان، پاژبەرد، کوڵتەپە، کاوڵانی سەرێ، ماژگە و گرشیلان و ڕێگای سەرەکیی مەهاباد ـ سەردەشت»، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان بە درێژایی سێ میتر و پانتایی یەک میتر هەڵ کردووە کە بووە هۆی خۆشحاڵیی خەڵکی ناوچەکە.

لە دوای هەڵکردنی ئاڵاکە لەسەر شاخی «قەڵات»، پاسگای کاوڵان بە هاوکاریی سپای تێرۆریستی پاسداران و چەند بەکرێگیراوێک ئاڵاکەیان داگرتووە.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە ناوچەی «شاروێران» ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لەسەر پردی قەتاری بۆ سێرێیانی دارەلەک هەڵ کردووە.

لە «مەهاباد»ەوە بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزاندنی حیزبی دێموکرات، خەباتگێڕانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و خوێندانی شەهیدان سەردانی گڵکۆی پیرۆزی ئەو نەمرانەیان کردووە.

لە درێژەی چالاکییەکان بەبۆنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ، تێکۆشەرانی دێموکرات لەنێو شاری «مەهاباد» و گوندەکانی «بەیرم، بەرەجۆ، میرەدێ، خالدلیل، پیرمکائیل، عەینەمەلا، قەرەقشلاق، قزلقوپی، گاپیس و قجی ئاوا» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی یووبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکراتەوە لە شاری «مەهاباد» تێکۆشەرانی ماندوونەناسی دێموکرات لە گەڕەکەکانی «موکریان، جانبازان، ئاپارتمانی سەنعەت و مەعدەنی زاگرۆس، فەرهەنگییان و هەروەها ئاوایی قەرەشلاخ» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**مەریوان:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی «سەردۆشە»ی مەریوان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە ٧٥ ساڵ خەباتی پڕ لە شانازیی حیزبەکەیان گرت.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری «مەریوان «و گوندەکانی بەری بەگزادە یادی ٢٥ی گەلاوێژیان بەرز ڕاگرت. ئەو چالاکییانە لە گوندەکانی «یەنگیجە، کانی سپیکە، پیرسەفا، کانی سانان و لە نێو شارەدێی نێ و فەلەکەی دوکتور قاسملوو» بەڕێوە چووە و لەگەڵ ڕێبازی دێموکرات پەیمانی وەفاداری نوێ کرایەوە.

قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری پەیوەندیدار بە ٢٥ی گەلاوێژ، ئەمەگناسی و وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی قارەمانانی دێموکرات چالاکییان تێدا بەڕێوە بردووە بریتین لە: «پارکی شانۆ، چوارڕێیانی شەبڕەنگ، مەیدانەکانی نەورۆز و سپا و جاشەکان، ڕێگای زریبار بۆ سەرسنوور

درێژە لە لاپەڕەی ٥

## خوێنەرانی هێژا؛ بەبۆنەی ٧٥مین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تەلەفزیۆنی تیشک دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبەکەمان پێک هێنا. بەهۆی گرینگی باسەکە، ئەم دیمانەیە دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز:




**١. ٧٥ ساڵ لەمەوپێش حیزبی دێموکرات دامەزرا. دامەزرانی حیزب لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و سەختی ژیان لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە بوو. چی وای کرد کە ڕێبەرانی ئەو کاتی کورد بڕیارێکی لەو چەشنە بدەن؟ چ خوێندنەوەیەک لە هزری ئەواندا بوو کە وەک قەڵمبازێک، کۆمەڵەی ژ.ک بۆ حیزبی دێموکرات بگۆڕن؟**

لە ڕاستیدا ژ.ک یەکێک لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خەباتی کورد وەکوو حیزبایەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتدا؛ بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ئەوەدەمی تەجروبە کەم بوو،بێجگە لەوە لەو سەردەمەدا کە ژ.ک دامەزرا دەزگای داپڵۆسێنەری ڕێژیمی پەهلەوی لە کوردستاندا هەر مابوو و لەباری ئەمنیەتییەوە فەزایەکی توندوتیژ بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو،بۆیە حیزبێک کە لەو سەردەمەدا پێکهات لە واقێعدا هەماهەنگی هەبوو لەگەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەمی کوردستان. یانی حیزبێکی داخراو کە زۆر نهێنییە و بەرنامەکانی تایبەتن بۆ ئەو سەردەمە بۆ خەبات کردن بۆ مافی کورد. بەڵام بەو ئاڵوگۆڕانەی کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان لە مەنتەقەدا و لە ئێرانیشدا هاتە پێشێ و دەزگای داپڵۆسێنەری ڕێژیمی پەهلەوی وەک جاران نەما و لە کوردستاندا فەزایەکی ئازاد پێکهات پێویست بوو ئەو حیزبە بگۆڕدرێ بەو حیزبەی کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەوەدەمی سازگار بێ؛ ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای ژ.ک بۆ هەلومورجێکی تازە، بۆ سەردەمی تازە دامەزرا کە ئەو حیزبە بە سەرۆکایەتی شەهید پێشەوا قازی محەممەد دوای چەند مانگ کۆماری کوردستان و سپای کوردستانی پێکهێنا و هەر ئەو بەرنامە بەربڵاوانەی کە لە کۆماردا ڕاگەیەندرا ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبا، ژ.ک لە پێکهاتەی و لە سیستمی کار و بەرنامەکانیدا نەدەگونجا. ئەوە بوو کە وەک زەروورەتێک ئاڵوگۆڕێک لە شێوەی کار و بەرنامەکانی ژ.ک پێکهات و بوو بە حیزبی دێموکرات کە توانای کار و بەرفراوانکردنەوەی تێکۆشانەکەی بۆ داخوازە نەتەوەییەکانی کورد لە باشووردا زیاتر کرد کە دەیتوانی پانتاییەکی زۆر گەورەتر لەو فەزایەی کە ژ.ک کاری لەسەر دەکرد بەدەست بێنێ کە بەداخەوە دیارە وەک ئاگادارین کۆمار چەندمانگێک زیاتر دەوامی نەکرد و تەمەنی زۆر کورت بوو، بۆیە بەو جۆرە کە پێویستە نەیتوانی بەرنامەکانی خۆی بەرفراوانتر بکاتەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات کارەکانی خۆی دوای کۆماریش هەر بەردەوام کرد .

**٢. شەهید قاسملوو لە کتێبی ٤٠ ساڵ خەباتدا و کاتێک ئاوڕ لە ساتەوەختی دامەزرانی حیزب و دواتریش کۆماری کوردستان دەداتەوە باس لە لاوازییەکان دەکا و دوو هۆکاری سەرەکی بۆ تێکڕووخانی کۆمار دەهێنێتەوە کە بریتی بووە لە لاوازی دەروونی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و لاوازی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکرات و هەروەها نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسی و درێژخایەن وەک ئامانجی دوارۆژ. پرسیارەکە ئەمەیە: حیزبێک کە خاوەنی ئەم دوو خاڵە نەبووە چۆن بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی داوە؟**

من پێم وایە کە لەو هەلومەرجەدا و لەو فەزا ئازادەدا کە پێکهات بۆ ئەوەی کورد زیاتر خوی بناسێنێت، و ئیرادەی خۆی بسەلمێنێ، ویست و داخوازییەکانی خۆی بەشێوەیەکی شەفاف و عەمەلی لە حکوومەتێکدا جێبەجێ بکات ئەوانە هێندێک ئامانجی بەرز بوون کە دەبوو کرابا. بە بۆچوونی من لەگەڵ ئەوەی منیش هاوڕام لەگەڵ بۆچوونەکانی شەهید دوکتور قاسملوو کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری لە کوردستاندا زۆر نەگونجاو بوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت و دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بەڵام دەرفەتێک بوو کە ئەگەر لە دەس چووبا، کە بەداخەوە دیتمان زۆر زوو لە دەس چوو، ئیدی هەلێکی ئاوا پێک نەدەهاتەوە بۆیە بە بۆچوونی من حیزبی دێموکرات بەتایبەتی شەهید پێشەوا ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی حکوومەتەکە پێک بێنێ .

پێکهێنانی ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو کەموو کوڕییەکانی کە هەیبوو لەو ماوەیەدا زۆر تایبەتمەندی بەرز لە ویست و داخوازی گەلی کورد کە پێشتر باسی لەسەر دەکرا و وەکوو داخواز مەترەح بوو، لەو ماوە کورتەدا بە شێوەی عەمەلی پیادە کرد و بە خەڵکی کورد لە لایەک،و بە دنیاشی نیشان دا کە کورد دەسەڵاتێکی هەبێ چۆن دەتوانێ دێموکراسی لەو ناوچەیەدا پیادە بکات،و ئەو بایەخانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەرزشیان هەیە وەکوو ئەو دیاردانەی لە دێموکراسیدا دەبیبنین وەکوو ئازادی بەیان وەکوو ئازادی چاپەمەنی،وەکوو ئازادی ژنان لەو سەردەمەدا کە شتی زۆر بەرز و بایەخدار بوون ئەوانە نیشان بدا بۆیە من لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی کۆمار و ئەو کەموکوڕییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ئەو دەمی پێموایە کارێکی درووست کراوە. هەرچەند کۆمار شکستی خوارد بەڵام دەبینین کە کۆمار لەو ماوە کورتەدا زیهنییەتێکی لە فکر و ئیدەی خەڵکی کورددا پێکهێنا کە تاکوو ئێستاش دوای ٧٥ساڵ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لەسەر بنچینەی ئەو ماوە کورتەدا دەچێتە پێشێ، و ئێستاش تێکۆشانەکە بۆ پێکهێنانی دووبارەی کۆماری کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتدا بەڵام بە هەلومەرجی خۆیەوە. ئەوانە زۆر شتی مێژوویی بەکەڵکن کە لەو سەردەمەدا لە کۆماردا خۆیان گونجاندوو،و خەڵک لەوێدا ئەوانەی دیتەوە .

**٣. دوای ڕوخانی کۆمار، حیزبی دیموکرات تووشی جۆرێک لە سڕبوون هات. بەشی زۆری ئەندامەکانی یان ناچار بوون زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن یان گیران و لە زیندان خران. باسێکی گشتی فەزای ئەو کاتەمان بۆ بکەن. واتە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٥ تاکوو ساڵی ١٣٥٧:**

پێش ئەوەی کە ئەو بڕگەیە باس بکەین پێم وابێ دەبێ بڕگەیەک لەوە کۆنتر باس بکەین،لە ڕووخانی کۆمارەوە تاکوو ساڵانی ٣٢-٣٣ ی هەتاوی؛ لەو ماوەیەدا ئەو فەزای پۆلیسییەی کە لە دوای گەڕانەوەی ئەرتشی پەهلەوی بۆ داگیرکردنی کۆمار، و زاڵبوون بە سەر فەزای سیاسی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ترس و وەحشەتێکی زۆر بەهێزی لە نێو خەڵکدا پێکهێنا. چونکە لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی ڕوخاندنی کۆمار و دەسبەسەرداگرتنەوەی مەهاباد زۆر بە ئاسانی جێبەجێ بوو، بەڵام حکوومەت هەر نیگەران بوو،ترسی لەوە هەبوو کە ڕاپەڕینێک لەلایەن خەڵکەوە بێتە پێشێ. بۆیە فەزایەکی زۆر توندی بەسەر خەڵکدا زاڵ کردبوو هەموو ئەوانەی کە گومانیان لێدەکرا لە ژێر چاوەدێریدا بوون. هەر کەسێک باسێکی لە مەسەلەی کۆمار کردبا، دیفاعی کردبا دەگیرا و دەخرایە زیندانەکان، بە تایبەتی ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە مەعموولەن لە فەزایەکی ئاوا کە دێتە پێشێ هێندێک ئینسانی نەفس نەزم پاڵ وە دەسەڵاتەوە دەدەن بۆ خۆشەویستکردنی خۆیان و دژی ئەو کەسانەی کە خەباتکارن، بیری نەتەوەییان هەیە دەکەونە گەڕان و ناساندنیان بە حکومەت بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێن، بۆیە لەو ماوەیەدا بێدەنگییەکی زۆر ناخۆش، ئەوەیکە دەڵێن بێدەنگی قەبرستان، بەسەر فەزای سیاسی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بوو؛ بەڵام لە ساڵەکانی ٣٢-٣٣ کە شەهید دوکتور قاسملوو ڕاستەوخۆ لە حیزبی تووەدە دەگەڕێتەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، و خەباتە نهێنییەکە دەس پێدەکاتەوە ئەوە دەبێتە هۆی دووبارەدەسپێکردنەوەی کارەکانی حیزبی دێموکرات.

دیارە زۆر بەنهێنی ئەو هاوڕێیانەی کە هاتبوونە باشوور لەلایەن ئەوانیشەوە هێندێک چالاکی و تێکۆشان بەنهێنی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردەوە و وردەوردە چووە پێشێ تاکوو دەگاتە ساڵەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران، کە دووبارە بۆجارێکی دیکە فەزایەکی ئازاد لە ڕۆژهەڵات وەکوو هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران پێکهات و حیزبی دێموکرات دەستی بە چالاکی کردەوە. لێرەدا مەسەلەیەک کە زۆر گرینگە ئەوەیە کە ڕاستە لە ماوەیەکدا حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێک کە هەڵگری ویست و داخوازە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردە بێدەنگ کرا بەڵام خۆ ئەو فەزایە نەیتوانی ئەو ئاوات و خولیایەی لە دڵی خەڵکدا بوو لەنێو ببات. تازە کۆماری ساوای کوردستان ڕووخابوو ئەوانە هەموو لە زیهنی خەڵکدا هەبوو لەبەر چاویان بوو، ئەوە فەرامۆش نەکراوە یانی هەست و بیری نەتەوایەتی،ئارەزووی ڕزگاری و خەبات بۆ ڕزگاری لە دڵی خەڵکدا هەر هەبوو؛ لە دڵی تێکۆشەرانی حیزبیدا هەبوو؛ بۆماوەیەک بێدەنگ بوو و دواتر وردە وردە دووبارە ئەوە دەستی پێکردەوە. من پێم وابێ ئەگەر ڕێژیمەکان کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و کوردستانیان داگیر کردووە تەنیا سەرنجێکی زۆر سەرەتایی بدەن بەو بڕگە مێژووییانەی کە لە کوردستان هاتووەتە پێشێ لە ڕۆژهەڵات لە بەشەکانی تر هەریەک بە شێوەیەکی دیکە، زۆر جێگەی لێفێربوونە کە وەکوو ئیشارەتان پێ کرد،حیزبی دێموکرات کە کۆمار دادەمەزرێنێت بەڵام دوای ڕوخاندنی سڕ و بێدەنگ دەبێ بۆ ماوەیەک. دوای ئەوە تێکۆشەرانی کۆمار و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەگیرێن و دەخرێنە زیندان بۆ ماوەی دوور و درێژ لە زینداندا دەمێننەوە یا ڕۆژهەڵات بەجێ دێڵن بەڵام ئەو فکرە، ئەو ویست و داخوازییە کە ویست و داخوازی خەڵکە، دەبینن کە هەر هەیە! بۆیە دووبارە لە کەمترین فەزادا کە ئیمکانی هەناسەکێشان هەبێ بۆنموونە لە شۆڕشی ٥٧دا، دووبارە گیان دەگرێتەوە و زیندوو دەبێتەوە. ئەوە لە واقێعدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ویست وداخوازی نەتەوایەتی و ڕزگاری لە دەست ستەم و چەوسانەوە بە سەرکووت، ئێعدام، زیندان و ئەوانە کۆتایی پێ نایێت بەڵکوو تەنیا ڕێگای چارەسەری ئەو مەسەلەیە گوێگرتن لە ویست و داخوازی گەل و هێنانەدی داخوازییە ڕەواکانییەتی.

**٤ . ئێوە لە نوێترین وتارتاندا لەژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا و ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاو کراوەتەوە، بەجۆرێک هەوڵ دەدەن دیسکۆرسی ڕاسان گرێ بدەنەوە بە خەباتی چەکدارانەی ٤٦-٤٧. ئامانجتان لەم کارە چییە؟**

پێش خەباتی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ و پێش دەسپێکردنەوەی ڕاسان دوای دەیان ساڵ دەبینین وەزعی خەبات تەقریبەن وەکوو یەکە. پێش لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ جۆرێک بێدەنگی و ئارامی بە سەر فەزای سیاسی کوردستاندا زاڵ بوو. ڕێژیمی پەهلەوی ڕایگەیاندبوو کە هیچ جووڵەیەک نییە و بە قەولی خۆیان دەیانوت ئێران جەزیرەی ئارامشە و هەموو کەس ڕازییە لەو حکوومەتە و دەنگێک نییە. لە فەزایەکی ئاوادا خەباتی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ڕوودەدا! تەقەی تفەنگی پێشمەرگەکان لەو کاتەدا ئەو جەزیرەی ئارامشەی کە حکوومەتی شا ڕایدەگەیاند و شانازی پێوە دەکرد دەشڵەژێ، دەنگ دەداتەوە کە ئەو جەزیرە ئارامە کە باسی دەکرد ئەوەندەش ئارام نییە،لێرەدا بێجگە لەوەیکە ڕێژیم ترسێکی زۆر لە دڵی دەنیشێ و زۆر نیگەرانە بەڵام لە عەینی حاڵدا هیوا و ئۆمید جارێکی دیکە لە دڵی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا،و بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا زیندوو دەبێتەوە. کە ئەوە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ڕۆحیەی خەڵک. هەرچەند بەداخەوە ئەو تێکۆشەرانەی کە ئەو دەم خەباتیان دەسپێکرد شەهیدبوون بەڵام توانیان بۆماوەیەک ڕێژیم بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن. حکوومەتی پەهلەوی بە هێزێکی یەکجار زۆری مەنتەقەیی، مەنتەقەیی مەبەستم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران کاری کرد و هەوڵی دا تاکوو ئەوانە سەرکوت بکات و جارێکی دیکە تەقەی تفەنگی پێشمەرگە نەبێت. ئەگەر سەرنجتان دابێت پێش لە ڕاسانیش فەزایەک کە لە کوردستاندا هاتە پێشێ کەم و زۆر، دیارە بە جیاوازییەوە چونکە سەردەمەکان جیاوازن، وەکوو یەک بوون. کۆماری ئیسلامی بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئەوانە بەقەولی خۆی زێدی ئینقلاب هەموویان لەنێو چوون، هیچیان نەماون، ئەوانە چوون کەمپنشین بوونە، و تەبلیغاتێکی ژەهرئاوی یەکجار زۆری لە ناو خەڵکدا دەکرد و خەڵکیش چونکە جووڵەیەکی ئەوتۆی نەدەدی، نائۆمێدی بەسەریاندا زاڵ ببوو،لەو نائۆمێدییەدا ڕێژیمی ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەیکە هەرچی زیاتر خەڵک ڕاکێشێ بۆ ڕیزی پاسدار و بەسیج و بەگشتی خەڵک لە خزمەتی خۆیدا بن، ئەوە جۆرێک نائومێدی ساز کردبوو؛ تەنانەت لە ڕیزەکانی پێشمەرگەشدا! ئێمە هەموومان لە بیرمانە کە پێشمەرگەکانیش نائۆمید بوون! مادام کە حەرەکەت و جوڵەیەک نییە زۆرتر ڕیزەکانی خەباتیان بەجێ دەهێشت ئەڕۆیشتن بە دوای ژیانی خۆیاندا. ڕاسان و دەسپێکردنەوەی ئەو خەباتە نوێیە درووست ئەو فەزای هیواو ئۆمێدەی لە نێو خەڵکی کورددا پێک هێنایەوە،ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوجارە حاڵی بوو کە نەخێر خەباتی کورد یان بە قەولی ئەوان زیدی ئینقلاب بێدەنگ نەبووە،تەسلیم نەبووە، کورد بە چۆکدا نەهاتووە،لەو خەباتەشدا کە دەستی پێکردووە بێگومان وەکوو هەموو حەرەکەتێکی چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قوربانی زۆری دا کە زۆر پڕبایەخ بوون بەڵام بە بێ ئەو شەهیدانە، بە بێ ئەو قوربانیدانە، ئەو فەزایە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەدەهات .ئەمن لەو جەهەتەوە ئەو دوو فەزایە پێکەوە گرێ دەدەمەوە و پێم وایە وەکوو یەکە، زۆر گرینگە لێرەدا ئەوە بڵێین کە هەر کاتێک فەزاکە بێدەنگ دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەردەگرێ بۆیە دەبێ بە بۆچوونی من لە هەر قۆناغێکدا حەرکەتێک هەبێ کە هیوا بداتەوە بە خەڵکەکە خەبات بەرەوپێش بەرێ و بەپێی هەلومەرج و سەردەمەکە بتوانێ هەنگاو بەرەوپێش بنێ،ڕاسان ئەو هەنگاوە بەرزە بوو کە جارێکی دیکە فەزای سیاسی ڕۆژهەڵاتی گۆڕی. کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوجار کەوتە پیلان بۆ ئەوەی کە دووبارە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ سەرکوتیان بکات خەڵک بترسێنێت و تاکوو ئێستاش ڕێژیم خەریکی ئەو سازماندان و بەرنامەڕێزییەیە بۆ ئەوەی دەنگی ڕاسان جارێکی دیکە خەفە بکاتەوە،بەڵام من پێم وابێ ڕاسان زۆر لەوە بەربڵاوترە، فرەڕەهەندترە کە کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بتوانێ ئەوە بێدەنگ بکاتەوە کە دیارە باسەکەی ئێرە نییە.

**٥. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسپێکی دووبارەی خەباتی ئاشکرای حیزب، کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری قارەمانانەی گەلی کورد بەرەوڕوو بوویەوە و شکستی خوارد و عەمەلەن کوردستان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە؛ بەڵام دوای خەستتربوونەوەی هێرش و پەلامارەکان حیزب شارەکانی بەجێ هێشت و ڕووی لە شاخەکان کرد. بۆچی حیزبی دێموکرات لە هێرشی ڕێژیمدا شارەکانی بەجێ هێشت و ئەو پاشەکشە گەورەیەی کرد؟ بۆچی وەکوو خەباتی ئیرلەندییەکان یان فلستینییەکان لە شاردا نەمایەوە؟**

من پێم وابێ لەو حەرەکەتەشدا حیزبی دێموکرات درووستی عەمەڵ کرد؛ ڕەنگە ئەوەی جەنابت دەفەرمی وەکوو ئارەزوویەک،ئارەزووی هەموو خەڵک بێ،ئارەزووی حیزبی دێموکراتیش بێ بەڵام ئێمە نابێ لە بیرمان بچێ کە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لە دژی حکوومەتی تارانە. توانایی حکوومەتی تاران لەباری نیزامی،تیکنیکی و سیاسی لە کورد زیاترە بۆیە تۆ دەتوانی بۆماوەیەکی بڕێک زیاتر لە شارەکاندا بمێنییەوە بەڵام لە حاڵەتی وادا شارەکان جێی وێران بوونە بەڵام لە نەهایەتدا تۆ مەجبوور دەبی شارەکان بەجێ بهێڵی، حەرەکەتی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات لەباری چەکدارییەوە دەبێ پارتیزانی بێت. وەختێک هاوکێشەی نیزامی بەینی دوولایەن زۆرنابەرانبەرن لەوێدا شەڕی کلاسیک بە زەرەری لایەنی زەعیفتر دەشکێتەوە بۆیە دەبێ پەنا بباتە بەر شەڕی پارتیزانی، شەڕی جبهەیی لە قازانجیدا نییە. بۆیە حیزبی دێموکرات لەو کاتەشدا ئەو بڕیارەی دا کە لە شارەکان بێتەدەرێ بۆ ئەوەی هەم شارەکان وێران نەبن،هەم خەساری پێشمەرگەش لە نێو شارەکاندا زتاتر نەبێ. ئەوەدەم لە نێو شارەکاندا هەتا ڕێژیم بەخۆ هاتەوە و هێزەکانی کۆکردەوە زەعیف بوو. حیزبی دێموکرات و باقی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، کوردستانیان کۆنترۆڵ دەکرد تەنانەت لە شەڕی سێ مانگەدا هێزەکانی ڕێژیمیان شکست دا، بەڵام کاتێک کۆماری ئیسلامی هات و هێزەکانی کۆکردەوە ئیدی بە هەموو توانایەوە گەڕایەوە. ئەگەر ئەوەی نەکردبا شارەکان وێران دەبوون بۆ وەبیرهێنانەوە پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە هەر لەو ماوەیەدا کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی ئەو دەمی گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵات لە مەهابادەوە و بەتایبەت لە سنە، ئەو تۆپباران و هێرشی فرۆکە کە بەسەر شارەکان کرا یەکجار زۆر گەورە بوو بەڵام لە نەهایەتدا هەر مەجبوور بوون شارەکان بەجێ بێڵن. جا هەرچەند زیاتر مابایەوە تەلەفاتەکە زیاتر دەبوو بۆیە من پێم وابێ کارێکی درووستیان کرد. شتێکی دیکە کە ئیشارەتان پێکرد مەسەلەی فلەستین لەگەڵ ئیرلەندییەکان بە تایبەت من مەسەلەی فلەستین باس دەکەم، فلستین لەباری قانوونی نێونەتەوەییەوە وڵاتێکی جیایە لە ئیسرائیل. ئیسرائیل لەو ماوەیەدا هێرشی کرد بۆسەر لوبنان دەورێک هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی کرد، تەلەفاتێکی یەکجار زۆری دا، تەلافات و وێرانییەکی یەکجار زۆری پێکهێنا، چەندین جاریش هێرشی کردووەتە سەر فلەستین بەڵام چونکە ئەو وڵاتە لە نەزەر قانوونی نێونەتەوەییەوە بە ڕەسمی ناسراوە وەکوو دەوڵەتێک ئیسرائیل نەیدەتوانی لەوێ بمێنێتەوە. مەجبور بوو دەبوا بکشایەوە بەڵام لە قانوونی نێونەتەوەییدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو باقی بەشەکانی دیکە بەشێکە لە خاکی ئێران بە خاکی خوێ دەزانی بۆیە لەوێ بنکەو بارەگای هەیە و تۆ ناتوانی لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو هەموو هێزەی لەوێ دەرکەی و لەوێ بمێنێتەوە .

**٦. حیزبی دێموکرات کە هەر لە سەرەتاوە بە حیزبێکی کوردستانی ناسرابوو و بە فیکرێکی نەتەوایەتییەوە خەباتی دەکرد، بۆچی نەیتوانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئەوکاتی کوردستان و بەتایبەت کۆمەڵە یەکگوتارییەک دروست بکات؟ کێشە لە کوێدا بوو؟**

دیارە لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە هێشتا هێزکانی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

درێژەی لاپەڕەی ٦

کۆنەکردبوویەوە هەموومان لەبیرمانە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد پێکهات لەوێدا ئەو هێزانە بەشداربوون بۆ وتووێژکردن لەگەڵ ڕێژیم کە لەڕاستیدا ئەوە وتووێژ نەبوو بەڵکوو دەیانویست کات بەدەس بێنن بۆ ئەوەی کە هێزەکانیان کۆبکەنەوە کە دوایی هێرشیان کردەوە سەر کوردستان، بەڵام فەزای سیاسی ئەودەم لە ڕۆژهەڵاتدا و لە بەشێکی زۆری ئێراندا فەزای زاڵی چەپ بوو. چەپی مارکسیستی، حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوەیی بوو. بۆ مافی نەتەوەیی خەباتی دەکرد بەڵام هێزە چەپەکان، کۆمەڵە و هێندێک حیزبی دیکە ئەودەم لە کوردستان بوون، ئەوانە بیروبۆچوونی مارکسیستی توندڕەویان هەبوو و بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کرێکاری لە ئێراندا خەباتیان دەکرد،و لەباری ئیدیولۆژییەوە خەباتی نەتەوەی کە حیزبی دێموکرات بەڕێوەی دەبرد ئەوەیان لەگەڵ دژایەتی نەزەری خۆیان دەبینی. پێیان وابوو کە مەسەلەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزی کرێکاری دنیا دابەش ببێ، زەعیف ببێ و نەتوانێ لە بەرانبەر ئیمپریالیزمەوە خۆی ڕاگرێ. بە قەولی ئەوان بورژوازی کە حیزبی دێموکراتیان وەک نوێنەری بورژوازی دەزانی لە دژی ئیدە و بۆچوونی خۆیان ئەبینی و ئەگەر نەڵێم زیاتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەکرد و لەگەڵی مۆخالف بوون لانیکەم لەوە کەمتر نەبوو، بۆیە لەباری فیکرییەوە هیچ نیزیکایەتییەک لەنێوان حیزبی دێموکرات و ئەو هێزانە نەبوو. تەنانەت هەموومان دەزانین کە بەشێک لەو هێزە چەپانە کە درووشمی سەیر وسەمەرەیان ئەدا لە کوردستان وردە وردە کە ڕێژیم هات زاڵ بوویەوە ئەوجارە بوون بە عاملی کۆماری ئیسلامی، مەسەلەن لایەنگرانی حیزبی توودە و دواتریش لەژێر کاریگەری حیزبی توودەدا هێندێک لە ئەحزابی چەپ بوونە عاملی کۆماری ئیسلامی. بۆیە ئەودەمی تەوافوقێک یان هاوپەیمانییەک لەنێوان هێزێکی نەتەوەخواز کە حیزبی دێموکرات بوو و باوەڕی بە هێزی نەتەوەیی و ڕزگاری کورد لە دەستی زوڵم و زۆرداری هەبوو، پێکهێنانی ئەو یەکگرتنە ئیمکانی نەبوو. دیارە ئێستا زۆربەی زۆری ئەوانە لە سەر ئەو فیکرە نەماون، دەنا حیزبی دێموکرات زۆری هەوڵ دا کە بتوانێ لانیکەم لە هێندێک شوێندا بتوانێ هەماهەنگی پێک بێنێ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵام لە عەمەلدا چونکە باوەڕ و ئێعتقادەکە بەوە نەبوو سەری نەگرت .

**٧. یەکێک لە بڕگەکانی خەباتی حیزب، شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە بوو! کە بەداخەوە بەهۆیەوە خەساری بەرچاو بە بزووتنەوەی کورد کەوت! چی وای کرد کە ئەم شەڕە ساز بێت؟ و دەبێ چی بکرێت کە لە داهاتوودا حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو نەداتەوە؟**

دیارە ڕەنگە لەو بوارەوە وەک حیزبی دێموکرات فیکری جیاواز هەبێ بەڵام ئەو تەجروبە تاڵە نیشانی دا کە تەفرەقە، جیاوازی و دووبەرەکی و چەندبەرەکی لەنێو هێزی کورددا دەتوانێ هۆکارێکی زۆر گەورە بێت بۆ شکستی کورد لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا، و بەسووکنیشاندانی خەباتی کورد لەباری فیکرییەوە، لەباری کۆمەڵایەتییەوە کورد نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە بتوانێ یەکدەست بۆ مافەکانی خۆی خەبات بکات، ئەوە تەنیا دوژمنی کوردە کە کەڵکی لێوەردەگرێت. ئێمە ئەو تەجرووبە تاڵە نەک هەر لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەشدا تەجروبەمان کردووە. هەرکات کورد یەکگرتوو بێت لە هەر بەشێکدا سەرنجی دنیای بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، حکوومەتەکان حیسابیان بۆ کردووە، بەڵام هەر کاتێک دژی یەک بوونە هەم لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە جۆرێکی دیکە فیکریان لێ کردوەو، هەم ڕێژیمە داگیرکەرەکانیش لە واقیعدا کێشەی نێوخۆییان گەورە کردووەتەوە، دەستیان تێکێشاوە، گەورە بووەتەوە. ئەوە یەکێک لە تەجرووبە گەورەکانە بۆیە من پێم وابێ حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای ئەو تەجرووبەیە هەوڵی داوە کە لەگەڵ هەموو ئەو حیزبانەی کە لە مەیدانی خەباتدا بۆ ئازادی کوردستان خەبات دەکەن لە هەر ڕێگایەک یان هەر وەسیلەیەک کە بۆیان موومکێنە بتوانێ نزیک ببێتەوە، ئاکامی ئەوە دەبینین کە ئێستا ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە کە سەردەمێک وەکوو ئێوە ئیشارەتان پێکرد سەردەمێکی زۆر تاڵ وناخۆشمان هەبوو ئێستا پێکەوە هاوپەیمانین. ئەوە تەجروبەیەکە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەین کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات حیسابمان بۆ کردووە؛ کە لەڕاستیدا لە ڕۆژهەڵات یان لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتدا سەردەمی تاکحیزبی بەسەر چووە و دەبێ ئێمە بە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان کە کەمیش نین لە نێوانماندا،بەڵام لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان بتوانین یەک بگرین لە دژی دوژمنی هاوبەش. ئەوە تەنیا ڕێگای چارەسەرە و ئێستا ئێمە لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەو شێوەیە عەمەل دەکەین .

**٨ . با بێینە سەر باسی تێرۆر و شەهیدکرانی د.قاسملوو. ئێوە لە کتێبی نسکۆودابڕاندا باسێکی تێروتەسەلتان لەپێوەندی لەگەڵ کەیسی تێرۆری د.قاسملوو هێناوەتە گۆڕێ. لە شوێنێکیشدا وەک ڕەخنە باسی بەشداری کاک دوکتور لەو دانیشتنە دەکەن و دەڵێن د.قاسملوو دوای ئەو هەموو ئەزموونە مێژووییە چاوەڕوانی هەڵەیەکی لەو چەشنەی لێ نەدەکرا!**

ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە حیزبێک بووین ئاشتیخواز. لە زۆر بڕگەشدا کە هاتووەتە پێشێ هەوڵی ئەوەمان داوە کە لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی خۆمان لەگەڵ ڕێژیمی تاران چارەسەر بکەین، وەکوو ئیشارەشم پێکرد هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد یەکێک لەو خاڵانە بوو کە کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێشنیاری وتووێژی کرد لەگەڵ ئەوەی ئۆمێد زۆر کەم بوو کە مافەکانی کورد بە ڕەسمی بناسێ بەڵام حیزبی دێموکرات لەگەڵ باقی حیزبەکانی دیکە کە لەو دەمەیدا لە ڕۆژهەڵات لە خەباتدا بوون ئەو پێشنیارەیان قەبووڵ کرد کە چوونە نێو وتووێژەوە نەتیجەیەکی نەبوو؛ بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نەبوو کە چوونکە ئەو وتووێژە ئاکامی نەبوو ئیتر حیزبی دێموکرات پشت لە وتووێژ دەکات و وتووێژ بەجێ دێڵێ. بەڵکوو جارێکی دیکە کە پێشنیار دەکرێ بە دوکتور قاسملوو بۆ وتووێژ لە لایەنی جۆراوجۆرەوە. بەپێی ئەو سیاسەتە گەشتییە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی دەچێتە نێو وتووێژەوە، بۆیە من پێم خۆشە لێرەدا ئەوە بڵێم ئەسڵی وتووێژ،قەبووڵکردنی وتووێژ،چ ئەو دەمی بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات،چ ئێستا چ لە داهاتوودا ئەسڵێکی پێشکەتووخوازانەیە و دەبێ پێشوازی لێ بکا. چونکە وتووێژ بۆ خۆی جۆرێک خەباتە،بەڵام ئەوەیکە جێگای داخە ئەوە بوو کە شەهید قاسملوو کە وتووێژەکە دەست پێدەکات حیزبی دێموکرات لێی ئاگادار نەبووە،دوایی کە دێتەوە گوزارش دەدا بە کۆمیتەی ناوەندی،لەوێدا کۆمیتەی ناوەندی درێژەدانی وتووێژەکە تەئید دەکات، بەڵام لەوێدا ڕادەگەینێ کە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی بەشدار نەبێ بەڵکوو هەیئەتێک بنێرن بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت بەڵام دواتر شەهید قاسملوو کە دێتەوە دەرێ جارێکی دیکە دووبارە ئامادە دەبێ لەگەڵ ڕێژیم وتووێژ بکاتەوە، کێشەکە لێرەدایە. بەداخەوە ئێستە شەهید دوکتور قاسملوو لێرەدا نەماوە کە لێی بپرسین بۆ ئەو کارەی کرد بەڵام لە هەر حاڵدا هەڵەیەک بوو کە خەسارێکی یەکجار زۆری بە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات گەیاند.

**٩. دوای شەهیدبوونی د.قاسملوو جۆریک لە نائۆمێدی باڵی بەسەر هەموو حیزب و خەڵکی کوردستاندا کێشا؛ بەڵام خەبات ڕانەوەستا و ئیدامەی بە کاری خۆی دا. حیزبی دێموکرات چۆن توانی بەسەر ئەم کۆستەدا سەرکەوێ؟ یا ئەساسەن حیزب توانی دوای نەمانی د.قاسملوو ئەو نەخش و دەورە مێژووییەی خۆی بگێڕێتەوە؟**

ئەگەر بە گشتی مێژووی کورد لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا مۆتاڵا بکەین لە واقیعدا ئەوەمان دێتە بەرچاو کە هەر کات لە هەر بەشێکی کوردستاندا خەبات بە هەر هۆکارێک کز بوویێ ،تووشی نسکۆ بوویێ بۆ ماوەیێک خەڵک شۆکەن،خەڵک نیگەرانن، ڕێژیم یان دەسەڵاتەکان فەزای ترس پێکدێنن بەڵام وردە وردە ئەوە دووبارە گڕ دەگرێتەوە. مەسەلەن ئێمە لەو سەردەمەدا کە کۆمار دەڕووخێ لەو کاتەدا کە سمکۆ شەهید دەکرێ و لە هەموو بەشەکانی دیکەدا ئەو ناڕەحەتییە بەسەر خەڵکدا زاڵ دەبێ، بەڵام چونکە بیروباوەڕەکە و هەستی نەتەوەیی، هەوڵدان بۆ ڕزگاری،لە دەروونی تاک تاکی ئەو خەڵکەدا هەیە دووبارە ئەوە سەر هەڵدەداتەوە .بەتایبەتی پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە خاڵێکی گرینگ ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی هێندێک ئیشکالاتی لە نێو خۆیدا هەبوو دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو یەکگرتوویەکی کەموێنەی بەخۆوە گرت. دیارە دوکتور سەعیدیش کەسایەتییەکی بەرچاو بوو جێگای حۆرمەتی هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بوو کەسایەتییەکی زانا بوو. و ئەو ئینسیجامە و ئەو پشتی یەکگرتن وکاری پێکەوەکردنە توانی جارێکی دیکە هیوا و ئۆمێد بداتەوە بە کادر وپێشمەرگە بە ئەندامانی حیزبی لە نێوخۆی وڵات و دووبارە خەباتەکە بگەڕێنێتەوە سەر ڕاستەڕێی تێکۆشان و هەوڵدان بۆ ئەو خەتە ڕاستەقینەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی.

**١٠. هێشتا کۆستی د.قاسملوو سارێژ نەببوو کە تێرۆری میکۆنۆس ڕووی دا. جیا لەوەیکە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم تێرۆرەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕیسوا کرا، ئێوە وەک حیزب چۆن توانیتان بەسەر ئەم کارەساتەدا زاڵ بین؟**

شەهیدبوونی دوکتور سادق کۆسپێکی گەورەتر بوو لە هی دوکتور قاسملوو لەو بارەوە کە ئێمە وەکوو ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر پرسیاری کادر و پێشمەرگە وکۆمەڵانی خەڵک قەرارمان گرتبوو کە چۆن دوکتور قاسملوو شەهید بووە دوای سێ ساڵ جارێکی دیکە ڕێبەری حیزب دەکەوێتە نێو داوی کۆماری ئیسلامی و شەهید دەبێ. کۆستەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام دیسان وەکوو ئەوەی عەرزم کردن هاوکاری خەڵک،کادر و پێشمەرگە و ئینسجامی حیزب توانی خەباتەکە درێژە بدات و دووبارە کارێکی وابکات کە لەگەڵ هەموو قوورسایی ئەو کۆستەی کە لە حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات کەوت دووبارە خەباتەکە زیندوو ببێتەوە، دووبارە یەکگرتوویی،کاری بەکۆمەڵ،هاوفکری لەگەڵ یەکتر توانی ئەو بۆشاییە کەم بکاتەوە و کارەکان درێژە بدات؛ لە داهاتووشدا هەروا دەبێ چونکە بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی،ئەوان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات یا حیزبەکانی دیکەی خەباتکار تێرۆر بکەن، بیانکوژن و بە کوشتنی ئەوان ئیتر خەبات کۆتایی پێدێت،بەڵام ئەوە تەجروبەیەکە کە زۆر زووبەزوو تکرار دەبێتەوە. ڕاستەڕێی خەبات بۆ ڕزگاری هەر بەردەوامە تا ئەو کاتەی بە ئاواتەکانی خۆی دەگات .

**١١ ـ دوای شەهیدبوونی د.شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە شاخەکانی قەندیل بەجێ بهێڵێت و عەمەلەن کەوتە نێو دۆخێکی سەختی دیکە و لە قووڵایی خاکی کوردستانی باشووردا نیشتەجێ بوو کە خۆیشتان لە وتارەکەتاندا ئیشارەتان بە زەرەرەکانی کردووە. بۆچی حیزبی دێموکرات لە قەندیل دابەزی و نسکۆی بە خەباتی ڕۆژهەڵات هێنا؟ نەدەکرا بنەماڵەکانتان دابەزێنن بەڵام سەنگەری پێشمەرگە هەر لە شاخ بێ؟**

شێوەخەباتێک کە حیزبی دێموکرات لانیکەم لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردووەتەوە پێشمەرگە لەگەڵ بنەماڵەکانیان بوونە؛ کاتێک شۆڕش لە شار بوو لە لای بنەماڵەیان بووە کە دێنە شاخیش هەر بەو شکڵەیە .

ئێستا بریا وانەبووایە ئەوە بەجۆرێکی دیکە بوبایە و پێشمەرگە توانیبای لە شاخ بمێنێتەوە، بەڵام بوونی ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ لەگەڵ پێشمەرگە ئەو کۆسپەی دروست کرد کە حیزب نەتوانێ لە شاخ بمێنێتەوە. ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە بەڵام لایەنی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە کە لە بنکەکانمان لە مەنتەقەیەکی قەندیل بووین،ئەوانە مۆڵک و ماڵی خەڵکی کوردی باشوور بوون کە کۆچیان پێ کرابوو؛ بەڵام لەو ماوەیەدا ئەوانە وردە وردە دەیانویست بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێندێک لایەنی دیکە توانییان ئەو خەڵکە هان بدەن کە بێنە سەر حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکرات بە زۆر دەر بکەن .لێرە حیزبی دێموکرات لە دووڕییانێکدا قەراری گرت کە ئایا دەبێ لە بەرامبەر ئەو خەڵکە ڕابوەستێ؟ ئەگەر ڕابوەستێ تۆ لەگەڵ خەڵکی خۆت تووشی شەڕ دەبووی و بەتایبەتی لە وڵاتەکەی خۆیشتدا نیت. ئەوە ڕەنگە شوێنەوارێکی یەکجار زۆری بێت،ڕێگاکەی دیکە هاتنەوە بۆ قووڵایی خاکی باشوورە بەڵام بە تەحەموولی ئەو زەرەرانەی کە ئێوە ئیشارەتان پێکرد. یانی لەواقیعدا وایە تۆ زۆر جارێ لە بەرانبەر دوو ئاڵتێرناتیڤی سیاسی خۆت دەبینییەوە کە هیچیان بە دڵی تۆنییە بەڵام دەبێ بیر بکەیەوە کە کامەیان زەرەرەکەی کەمترە ئەوەی هەڵبژێری و حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا ئەوەی کرد .

**١٢. ئایا حیزبی دێموکرات ئێرانچیەتی دەکا؟ ئەگەر نایکا بۆچی لای هەندێ کەس و لایەن ئەو فیکرە دروست بووە؟**

من پێم خۆشە لە سەر ئەو وشەیە ڕوونکردنەوەیەک بدەم؛ ئێم ە ناومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە! ڕەنگە حیزبێکی دیکە بێت ئەسڵەن ئێرانیان پێوە نەبێت. ئەو ناوە دیاری کراوە، لە ڕووی موتالاوە دیاری کراوە وەکوو ئەوە کە ئێمە ڕاستە کوردین بەڵام لەباری نێونەتەوەییەوە، بەشێکین لە خاکی ئێران. ئەوە بە خواستی خۆمان هەڵمانەبژاردووە بەڵام ئەوە هەیە بۆیە لەگەڵ ئەوەیکە خاکی ئێمە بەشێکە لە خاکی ئێران و بە ڕەسمی ناسراوە بەڵام ئێمە کوردین خەبات دەکەین بۆ مافی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا. کاتێک باسی فیدراڵیزم دەکەین و لە سەردەمێکدا باسی خودموختاریمان دەکرد خودی ناوەرۆکی ئەو وشانە بەمانای مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندایە و ئەوە بۆخۆی شکڵێکە لە شکڵەکانی دیاریکردنی چارەنووس. ڕەنگە یەکێک داوای سەربەخۆیی بکا کە ئێمە ڕێزی بۆ دادەنین. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکوو ئێستاش پێمان وایە شکڵی موومکین بۆخەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو فیدراڵیزمەیە کە داوای دەکەین کە کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی لە مەنتەقەی خۆیدا بەدەس بێنێ، ئەوە بەو مانایە نییە کە کورد هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە دەمێنێتەوە بەڵام ئێستا لەباری نێونەتەوەییەوە،لەباری مەنتەقەییەوە، و لەباری ئێرانەوە ئێمە ئەوە بە موومکینتر دەزانین بۆیە ئەگەر پێمان بڵێن ئێرانچییەتی یان ئەوەی کە خۆمان بە بەشێک لە ئێران دەزانین من ئەوە نە بۆ ئەوان بە تاوان دەزانم نە بۆ حیزبی دێموکرات بە گووناحی دەبینم. ئەوە واقەعیەتێکە بەڵام لە موقابلیدا ئێمە پێمانوایە ئەو کەسەی داوای سەربەخۆیی دەکات حەقی خۆیەتی بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە لە مەیدانی واقیعدا تۆ چیت پێئەکرێت؟ هاوکێشەکان چۆنن؟ دەنا ئەگەر وەکوو ئارەزوو بێت، پێموابێت تاک تاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە بەڵام ئێستا ئێمە ئەوە بە عەمەلی نازانین .

**١٣. لە حیزبی دێوکراتدا کێشەی بنەڕەتی چییە وا چەندین جار ئینشعابی تێدا ڕووی داوە؟ئایا کێشەی فکرە یان دەسەڵات؟**

کێشەی فیکری یا کێشەی سیاسی تەنیا من یەک حاڵەت دەبینیم لەو ئینشعابانە ئەویش دوای کۆنگرەی چوار بوو کە ئەویش لەژێر نفووزی فیکری حیزبی توودەدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب کە لایەنگری ئەو فیکرەی حیزبی توودە بوون جودا بوونەوە. من پێم وابێ لەو سەردەمەدا ئەو جودابوونەوە حەتمی بوو وەک دەڵێن ئیجتناب ناپەزیر بوو. دووفیکری تەواو دژ لەگەڵ یەکتر؛ بەڵام باقییەکەی هەموو کێشەی دەسەڵاتە،دەسەڵات وای کردووە کە گرووپێک،دەستەیەک زۆر بێت یان کەم بێت بۆ ئەوەی لە بەشی خۆی ناڕازییە شتێک سازدەکات بۆ ئەوەی بتوانێ جودا ببێتەوە. بۆخۆی ببێتە گرووپێکی سەربەخۆ. ئەوە بە بۆچوونی من خراب کەڵکوەرگرتن لە دێموکراسییە، دێموکراسی بەمانای دەنگی گشتی، کاتێک گرووپێک دەنگی گشتی بە زەرەری خۆی دەزانێت لەباتی ئەوەکە وەکوو دێموکراتێک پەیڕەوی لێ بکات و بە شێوەی دێموکراتیک لەنێو حیزبی دێموکراتدا خەباتی نێوخۆیی بکات ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێت. کاتێک ئەوە وەکوو کەلێنێک دێتە گۆڕێ زۆر سرووشتییە کە دوژمنی وەک کۆماری ئیسلامی بتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە گەورە کاتەوە، یەک نەگرێتەوە. ئەوە بۆچوونی منە ئەگەر مێژووی ئەو ئینشعابانە چاو لێ بکەین بێجگە لەوەی عەرزم کردی دوای کۆنگرەی چوار باقییەکەی لەسەر ئەو مەسەلەیەیە.

دیارە ئەوە دەتوانم وەکوو ڕەخنەیەک لە حیزبی دێموکرات باسی بکەم کە پێم وابێ بەشێکی ئەساسی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە پەروەردەیەکی وەها لە نێو ئەندامان و لایەنگران و کادروپێشمەرگەی خۆی پێک بێنێ کە لە دێموکراسی بەشێوەیەکی درووست کەڵک وەربگرن کە بە قازانجی گەل، بەقازانجی کۆمەڵ کەڵکی لێوەربگرن. لە نێو حیزبی خۆیاندا بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەیکە لەو ئازادییانەی حیزبی دێموکرات وەکوو یاسا بۆی داناون بتوانن کەڵک وەربگرن و بەرنامەی خۆیان بەرنە پێشێ.

**١٤ ـ ئێران و بەتایبەتی کوردستانی ئێران لە ئێستەدا بەرەورووی قۆناغێکی هەستیار بووەتەوە؛ بەچەشنیک کە ئیشارەکان باس لە ئەگەری ڕوخانی ڕێژیمی تاران دەکەن. وەک ناوەندی هاوکاری ئایا هیچ پلاتفۆرم یان پلانێکتان هەیە کە لەو چوارچێوەیەدا بتوانن ئیدارەی وەزعی کوردستان بکەن؟ و دوور بکەونەوە لە چەند سیاسەتی و چەند گوتاری؟**

ئێمە لە ناوەندی هاوکاری باسی ئەوەمان کردووە بەڵام هێشتا بە بڕیاری نەهایی نەگەیشتووین. باسەکە ئەوەیە کە چی بکەین لە نەمانی هێزەکانی ڕێژیم و دەسەڵاتی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتدا هەتا ئەو مەرحەلەیە دەگاتە پێکهێنانی پارلمان و نوێنەرانی خەڵک بۆ دانانی یاسا و ئیدارەکردنی وڵات چ شتێک دەبێ بکەین؟ چ بەرنامەیەک بگرینە پێش بۆ ئەوەیکە کێشەی نێوخۆیی،نائەمنی، نەبوونی ئاسایش بۆخەڵکی کوردستان پێک نەیەت، بتوانین کوردستان ئارام ڕابگرین تاکوو دەیگەیەنین بە مەرحەلەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک کە خەڵک لەوێدا بەدەنگی خۆیان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و دەسەڵاتی ئیدارەکردنی وڵات بدەنە دەستییەوە. لە سەر ئەوە بە شێوەی گشتی قسە کراوە بەڵام لە وردەکارییەکە تا ئێستا بە نەتیجە نەگیشتووین. هیوادارم بتوانین لەوەشدا بە ئاکام بگەین .

**١٥ ـ حیزبی دێموکرات هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێکرا ماوەی چەند ساڵە خەباتێکی نوێی بەناوی ڕاسان دەست پێکردووە کە بەشێک یان بەشێکی سەرەکی لەم فازە نوێیەی خەبات بریتییە لە خەباتی چەکدارانە؛ بەڵام لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئێمە نەماندیت کە لەلایەن ئێوەوە هێرش بکرێتە سەر بنکە و بارەگاکانی ڕێژیم بەڵکوو زیاتر هەوڵی بەرگیکارانە دراوە و کاتێک کە دوژمن هێرشی کردبێتە سەر پێشمەرگەکان دەستتان کردۆتەوە! بۆچی؟ ئایا ڕاسان تەنیا هەوڵێکی بەرگیکارانەیە؟**

ئەزانی ئێمە وەک زۆرجار باسمان کردووە ڕاسان خەباتێکی فرەڕەهەندە، لەباری کۆمەڵایەتییەوە کاری کردووە،لەباری جەزبی ڕۆشنبیران وخەڵکی ئێلیت لە ڕۆژهەڵات؛ جا چ ئەوانەی لە دەرەوەن یا لە نێوخوێ وڵاتدان، کاری کردووە؛ لەباری یارمەتیدان بۆ بووژانەوەی ژینگەپارێزی، لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژنان کارێکی زۆری کردووە بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی چەکداریدا پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە لەوێدا شتێکی زۆر سرووشتییە کە بەگوێرەی مەوقعیەتی حیزب لەگەڵ ڕێژیم بەو شێوە دەچێتە پێشێ هەر جۆرە دەرفەتێک بێتە پێشێ حیزبی دێموکرات کەڵکی لێوەردەگرێت. لە مەوقعییەتی ئێستادا حیزبی دێموکرات پێشمەرگەی لە نێوخۆی وڵاتدا ئەگەر بێت خوازیاری ئەوە نین تووشی دەرگیری و شەڕ بن بەڵکوو ئەوەی زۆر موهیمە حوزووری پێشمەرگەیە لە نێو خەڵکدا، خەڵک پێشمەرگە لە تەنیشتی خوێ ببینێت،ئێستا ئەو پێشمەرگەیە پێشمەرگەی شاخ بێت یان نەخێر پێشمەرگەی شار بێت. خەڵک ئەوە وەکوو پشتیوانێک ببینێ بە بۆچونی من حیزبی دێموکرات لەو بارەوە درووست عەمەلی کردووە،و دەبێ حیسابەکانی لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداری زۆر دەقیق و وریایانە بێت کە دوچاری هەڵە نەبێت کە لێرە هەر هەڵەیەک بە گیانی خەڵکێکی زۆر تەواو دەبێ. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە لاوازییە بۆ ئێمە موهیم ئەوەیە کە لە نێو خەڵکدا حوزوورمان هەبێت. ئەو حوزووری فیزیکییە لە نێو خەڵکدا بۆخوێ هێز دەداتە خەڵکەکە بەو حیسابەی هەموومان لەبەر چاومانە و زۆر چاوەدێری سیاسیش باوڕیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی تازە ئەو ڕێژیمە نییە بتوانێ خوێ بگرێتەوە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی زیاتر دەچێ و لێرەدا خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەرفەتی زۆر زیاتری بۆ دێتە پێشێ کە نابێ پەلە بکات.

دواوتەتان:

دواوتەم بۆ هاونیشتمانیانی خۆشەویستم،کادر و پێشمەرگە،ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرانی خاک بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە وەکوو باسمان کرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە ڕووخانە. من ناڵێم ساڵێکی دیکە یا دووساڵی دیکە دەبێ؛ بەڵام ئەگەر سەردەمێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەڵکشاندا بوو ئێستا لە داکشاندایە. ئەو داکشانە نەک هەر لە نێوخوێ ئێران و لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە مەنتەقەدا و لە دنیاشدا دەیبینین کە چۆن لە دنیادا کەوتووەتە پەراوێزەوە. لەژێر زەختی یەکجار زۆری دنیادایە و لە مەنتەقەشدا سەرمایەگوزاری زۆری کردبوو بۆ پێکهێنانی مێلیشیا و نفووز لە ناو حکوومەتەکانی دیکەدا. ئێستا ئێمە دەیبینین ئەو تەزاهۆراتەی لە لووبنان هەیە درووشمەکانیان،ئەوانەی کە لە عێراق دیتمان لە باقی وڵاتەکانی دیکەی دراوسێ دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بەرەو داکشان دەچێ و بەپێچەوانەوە خەباتی کورد لەگەڵ هەموو زەبروزەنگ و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە هەڵکشاندایە. ئەوانە هەموو ئۆمێد دەداتە ئێمە،ئێمە ئۆمێدمان بە ڕزگاری زۆر زیاترە لە ڕابردوو. هیوادارم خەڵکەکەمان لە یەکگرتوویی،لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکەی خۆیاندا خەبات بەدەستەوە بگرن هەر وەک لە ڕاساندا باسمان کردووە خەباتی خەڵک بە وەسیلەی خەڵکە ئێمەش لە خەڵک ئەو هێزە وەردەگرین پێموابێ دەتوانین زۆر نەکێشێ کە ئاوات و ئارەزووی هەموو خەڵک و شەهیدەکان و بنەماڵەکانیان بێتە دی و خەڵک لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی بێتە دەرێ.

# بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



ئیبراهیم لاجانی

جووڵانەوەی حەماسی و چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦- ٤٧ی هەتاوی لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بە قوناخێکی کاریگەر و پڕشنگدار دادەنرێ.
ڕاستە ئەو جووڵانەوەیە لەباری جوگرافییەوە تەنیا لە بەشێکی دیاریکراوی خاکی کوردستاندا حزووری فیزیکی هەبوو و لەباری زەمانیشەوە کەمتر لە دووساڵی کێشا، بەڵام شوێنەوار و کاریگەرییەکانی لەسەر پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و خەباتگێڕانە لە نێو خەڵکی کوردستاندا، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.
دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەداردانی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی حیزب و بزووتنەوە، بەشی زۆری ڕێکخراوەکانی حیزب کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت و داپڵۆسین و ڕاونان، خرانە زیندان یا ئاوارەی هەندەران بوون. لە ڕاستیدا لە نێوخۆی کوردستاندا، شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەمابوو بۆیە دەستپێکردن و درێژەکێشانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بۆ ماوەی هەژدە مانگی ڕەبەق، گیانی وەبەر ڕێکخراوەکانی حیزب خستەوە، تەشکیلاتی حیزبی لە ورمێ وە تا دەگاتە ناوچەکانی خوارووی کوردستان زیندوو کردنەوە، هیوا و هومێدی بە خەبات و تێکۆشان لە نێو خەڵکدا چاند و بیری نەتەوایەتی و وشیاری و ئاگاهی سیاسی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ژیاندەوە.
لەسەر ئاستی ئێرانیشدا کاریگەری ئەو بزووتنەوەیە زەق و بەرچاو بوو. هەموو هەوڵی ڕێژیمی شا ئەوە بوو کە ئێران وەک دوورگەیەکی ئارام بە بیروڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوە بناسێنێ و وانیشان بدات کە لە ئێرانی ژێر فەرمانڕەوایەتی حەمەڕەزا شادا، هیچ گیروگرفتێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگۆڕێدا نییە. لە بارودوخێکی ئاوادا بوو کە بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان، بەڕێبەرایەتی پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی سیاسی خاوەن پێگە و پێشینەی سیاسی و جەماوەری، سەری هەڵدا و خەوی لە چاوی ڕێژیمی شا و دامودەزگا پۆلیسی و سەرکوتکەرەکانی تاراند.
لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە یەکەم جار بوو لە ئێراندا، لە دەورانی تازەدا، حیزبێکی سیاسی بۆ بردنە پێشی ئیدە و داخوازە سیاسییەکانی و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ زوڵم و ستەم و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری پاشایەتی، پەنای بۆ خەباتی چەکدارانە دەبرد. لەخۆڕا نەبوو کە ئەو ڕاپەڕینە لە شوێنەکانی دیکەی وڵاتدا و بەتایبەتی لە زانکۆکانی تاران و لە نێو کۆڕوکۆمەڵە ڕووناکبیری و خوێندکارییەکاندا دەنگێکی زۆری دایەوە و بوو بەمایەی پەرەسەندنی ڕۆحیەی خەبات و بەربەرکانی دژی دیکتاتۆری و ئیستبدادی حەمەڕەزاشا. چەکەرەکردنی بیرۆکەی شەڕی چریکی و خەباتی پارتیزانی لەنێو هێزە چەپەکانی ئێران لە مانگ و ساڵەکانی دوایی‌دا و پیادەکردنی ئەو ئیدە و مەرامە لە ڕووداوی سیاکەلدا، دەتوانرێ وەک یەکێک لە شوێنەوارەکانی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر وەزعی سیاسیی ئێران لە قەڵەم بدرێ. ئەو ڕاپەڕینە لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا سەری هەڵدا؛ لەلایەک ڕێژیمی شا لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بوو؛ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێراندا لە پاشەکشەدا بوو؛ ئیستبداد و سەرەڕۆیی باڵیان بەسەر ئێراندا کێشابوو؛ ئازادییە دێموکراتیکەکان قەدەغە کرابوون؛ حیزب و ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکان سەرکوت کرابوون؛ لە کوردستانیش لە ئاکامی هێرشی ساواک بۆسەر ڕێکخراوەکانی حیزب، لە ڕاستیدا شوێنەوارێکی بەرچاو لە کار و تێکۆشانی سیاسی بەرچاو نەدەکەوت. بەشی زۆری ڕێکخراوەکانی حیزب یا لە زینداندا بوون یا ئاوارە و پەرپوەی کوردستانی عێراق ببوون.
ئەو بەشە لە ئەندامان و کادر و تێکۆشەرانی حیزب کە لە کوردستانی عێراق گیرسابوونەوە توانیبویان خۆیان ڕێک بخەنەوە و لە ناوچە سنوورییەکاندا جێگیر ببن. ئەوان هەر لەو کاتەدا کە بە کارو تێکۆشانی حیزبی و دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ناوخۆی کوردستانی ئێران و سازماندانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبەوە خەریک بوون، بەجۆرێک باسکی یارمەتیدەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی و شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستانیش بوون. بەشێکی زۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ڕیزەکانی شۆڕشدا کار و ئەرکی جۆراوجۆریان بە ئەستۆوە بوو.
ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ یارمەتی جۆراوجۆریان کۆدەکردەوە و لەڕێگای حیزبەوە بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی دەیانخستە خزمەت شۆڕش. حیزب ئەوکارەی وەک بەشێک لە ئەرکی نەتەوایەتی خۆی دەزانی. ڕێژیمی شا کە لە گەشەی بزووتنەوەی کورد بەگشتی لە ناوچەکەدا دەترسا، کەوتە پیلانگێڕان بە دژی حیزب. لە ئاکامدا کار و تێکۆشانی حیزب تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک کرایەوە.

**ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بوو کە بیروباوڕی کوردایەتی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، شانە و ڕێکخراوەکانی حیزب زیندوو بکاتەوە و سەرلەنوێ ڕایەڵکە و پێوەندییە تەشکیلاتییەکان لێک گرێ داتەوە، ڕۆحیەی خەبات و بەربەرەکانی وەبەر خەڵک بنێ و هەیمەنەی دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی پاشایەتی بخاتە ژێر پرسیار؛ بۆیە ئەوان زۆرتر بۆ بەرگری لەخۆیان چەکەکانیان بەکار دەهێنان**

لەو نێوەدا بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزب کە هەر لە بنەڕەترا، لەژێر کاریگەری دیسکۆرسی سیاسی ئەودەمی دونیادا بوون، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند. ئەوان بە خوێندنەوەیەک کە لەسەر وەزعی کوردستان و ئێران و دونیا هەیانبوو، لەو بڕوایەدا بوون کە لە کوردستانی ئێرانیش ئیمکانی کارو تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی لەگۆڕێدایە. دەیەی شەستی زایینی، لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، بە قۆناخی گەشەی ڕادیکاڵیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دژەئیستعمارییەکان دادەنرێ. لە سەرتاسەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا، گەلانی چەوساوە و بندەست لە حاڵی بردنەپێشی خەبات بۆ ڕزگاری و داڕنینی نیری ئیستعمار لە شان و پیل خۆیان بوون. لە ئورووپا بزووتنەوەیەکی بەرینی ئاشتیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە بەدژی فاشیزم و ئیمپێریالیزم لەگۆڕێدا بوو. بەوجۆرە هەلومەرجێک هاتبووە گۆڕێ کە زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕەکان بەتایبەتی لە وڵاتانی کۆلۆنیکراو و ژێرچەپۆکەدا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە بۆ خەبات و بەربەرەکانی بە دژی زوڵم و زۆری و چەوساندنەوە، بێجگە لە بەرگری چەکدارانە و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە، ڕێگایەکی دیکە لە گۆڕێدا نییە. لە وەزعێکی ئاوادا ژمارەیەک لە کادرە بەوەج و تێکۆشەرکان وەک ئیسماعیلی شەریفزادە، سولەیمانی موعینی، نحۆ شکاک ، مەلا ئاوارە و هتد لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندام و پێشمەرگە قارەمان و گیان لەسەردەستەکانی حیزب گەڕانەوە نێوخۆی کوردستان و بەو جۆرە چەخماخەی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی لێدرا.
ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بوو کە بیروباوڕی کوردایەتی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، شانە و ڕێکخراوەکانی حیزب زیندوو بکاتەوە و سەرلەنوێ ڕایەڵکە و پێوەندییە تەشکیلاتییەکان لێک گرێ داتەوە، ڕۆحیەی خەبات و بەربەرەکانی وەبەر خەڵک بنێ و هەیمەنەی دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی پاشایەتی بخاتە ژێر پرسیار؛ بۆیە ئەوان زۆرتر بۆ بەرگری لەخۆیان چەکەکانیان بەکار دەهێنان.
هەرچەند مەیدانی جەغرافیایی تێکۆشانی کادرو پێشمەرگەکان ناوەند و شیمالی کوردستان بوو، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە لەباری سیاسی و مەعنەوییەوە شوێنەواری لەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان دانابوو. خەڵکی گوندەکان بەچەشنێکی بەرین پشتیوانییان لە بزووتنەوەکەو کادر و پێشمەرگەکان دەکرد. لەباری خواردن و جلوبەرگ و دەواودەرمان و پێداویستییەکانی دیکەوە ئەوە تەنیا خەڵک بوون کە پێشمەرگەکانیان تەداروک دەکردن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو بزووتنەوەیە تەواو سەربەخۆ بوو. زۆر بوون ئەوانەی هەوڵیان دا کە ئەو بزووتنەوەیە وەک ڕەوتێکی بەستراوە لە قەڵەم بدەن و وانیشان بدەن کە بە دنەدانی دەستی هێزە دەرەکییەکان درووست بووە. ئیدی ئێستا ئەو بیرۆکەیە لەمێژە بۆتە بڵقی سەر ئاو. ڕاستە ڕێبەرانی بزووتنەوە لەهەوڵدابوون تا لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچە و دونیادا پشتیوانی و دۆست بۆ بزووتنەوەکە پەیدا بکەن بەڵام لەو بارەشەوە بەڵگەکان تەنیا ئەوە نیشان دەدەن کە ئەوان بۆ مەبەستێکی لەوچەشنە تێکۆشاون پێوەندیی لەگەڵ باقی ئەو کادر و تێکۆشەرانەی حیزب وەک دوکتور قاسملوو بگرن کە لە دەرەوەی وڵات بوون. تەرکیبی کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی بزووتنەوەکە ئەوە دەردەخا کە ئەوان سەر بە هەموو چین و توێژە نیشتمانی و زەحمەتکێشەکانی خەڵکی کوردستان بوون. مامۆستایانی ئایینی، خوێندکاران، بازاڕیان، جوتیاران و کرێکاران و کەسانی سەر بە بنەماڵە خاوەن مڵک و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان لە ڕیزەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا دەبینرێن. مانەوە وخۆڕاگری ئەو تێکۆشەرانە بۆ ماوەی نزیکەی ١٨مانگ لە کاتێکدا کە لەهیچ جێگایەکەوە جگە لە خەڵکی خۆیان یارمەتی و پشتیوانیان پێ نەدەگەیشت، لەلایەک نیشانەی ورەی بەرز و بڕوا و ئیمانی قوڵی ئەوان بە خەبات و تێکۆشان و ڕێبازی سیاسی حیزب و لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەیی ئەوان بۆ فیداکاری و گیانبازی لە پێناو ئامانجەکانی بزووتنەوەکە نیشان دەدا. ئەو فیداکاری و گیانبازییەی ئەوان لە شەڕ و بەربەرکانی لەگەڵ ژاندارم و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا لەخۆیان نیشان دەدا بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە.
هەرچوار تەنیشتی گیرابوو لە سەنگەرێکدا بەتەنێ ئەو لاوەی بەڵێنی دابوو هەتامردن چەك دانەنێ
پشووسوار و گەروو وشک گەرم ببوو چەکی دەستی بەڵام هێشتاش نەلەزیبوو دڵی پڕ لە هیوا و هەستی
لە ڕاستیدا سەرمایەی هەرەگەورەی ئەو تێکۆشەرانە لە خەباتدا بریتی بوو لە بڕوا و ئیمانی خۆیان بە خەبات، ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانەتییەک کە لە کار و تێکۆشاندا لە خۆیان نیشان دەدا و پشتیوانی مەعنەوی و مادی و سیاسی خەڵک لەوان.
دەبێ بگوترێ کە لە سەرتاسەری ئەو ناوچانەدا کە بزووتنەوەکە تێیدا چالاک بوو، خەڵکی گوندەکان بۆ چارەسەری گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و کاروباری ڕۆژانە پەنایان بۆ تێکۆشەرانی حیزب دەبرد و ئەوانیش بە گیروگرفت و کاروباری ئەو خەڵکە ڕادەگەیشتن. بڕیار و ڕێنوێنی و ڕێگاچارەکانیان لەلایەن خەڵکەوە بە دڵەوە وەردەگیران و پەیڕەوییان لێدەکرا. بەوجۆرە لە کردەوەدا دەسەڵاتی حکومەتیان لەو بارەوە خستبووە ژێر پرسیار. لە هەموو جێگایەک خەڵک وەک کوڕی خۆیان وەریان دەگرتن و ئەگەر پێویست بایە یارمەتیان دەدان و دەیانشاردنەوە و زانیاری پێویستیان دەدانێ. ترس لە بەرینبوونەوە و پەرەسەندنی بزووتنەوەکە بووە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم بکەوێتە پەلەقاژە و پیلانگێڕان بۆ سەرکوتکردن و کوژاندنەوەی ئاگری جووڵانەوەکە. میلیتاریزەکردنی کوردستان، وەڕێختنی دادگای سەحرایی، گرتن و ڕاونان و زیندانی کردنی ئەوانەی یارمەتی تیکۆشەرانی حیزبیان دەدا، سازماندان و چەکدارکردنی داروەدستەی جۆراوجۆری خۆماڵی لە دژی پێشمەرگەکان، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و چاوو ڕاوی جۆراوجۆر بە دژی پێشمەرگەکان و بە چەتە و ڕێگر لەقەڵەمدانی ئەوان، وەگەڕخستنی ڕایەڵکەکانی جاسوسی و پیلانگێڕان بە دژی بزووتنەوەکە لە ناوچە سنوورییەکان، تەنیا بەشێک لەو هەنگاوانە بوون کە ڕێژیمی شا بۆ سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوەیە گرتبونیە پێش. پاش ساڵ و نیوێک خەبات و بەربەرکانی، لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەران و کادرە بەوەجەکانی بزووتنەوەکە لە سەنگەری خەبات و بەربەرکانیدا شەهید ببوون و گیانیان کردبووە قوربانی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و گەلەکەمان، بزووتنەوەکە لە باری نیزامییەوە تێک شکا.
ئەو پۆلە پێشمەرگەیەش کە پاش شەهیدبوونی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە مابوونەوە بە نێوبژیوانی سەرکردایەتی شۆڕش گەڕانەوە گەرمێن کەچی بەوحاڵەش ڕێژیمی شا دەستی لە پیلانگێڕان بەدژی ئەوان هەڵنەگرت.
ڕاستە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ی هەتاوی لەباری نیزامییەوە ناچار بە پاشەکشە کرا، بەڵام شوێنەوارێکی گەورە و پڕبایەخی لەسەر بزووتنەوەی میللی - دێموکراتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانا. ئەوە کە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی حیزب لە ساڵەکانی دواتردا، ئەو جووڵانەوەیان وەک لاپەڕەیەکی پڕشنگداری خەباتی حیزب و قۆناخێکی گرنگ لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان لەقەڵەم دا، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو بزووتنەوەیە جارێکی دیکە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی لەو قۆناخەدا لەگەڵ تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستان و ساڵەکانی دیکەی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانی لێک گرێ دایەوە. نەوەیەکی دیکەی لە خەڵکی کوردستان، کە دوای کۆمار چاویان بە دونیا هەڵێنابوو، لەگەڵ حیزب و ڕێباز و ئامانجەکانی حیزب ئاشنا کرد. جووڵانەوەکە جارێکی دیکە کوردستانی کردەوە مەکۆی خەبات و تێکۆشان. پێگە و ڕیشەی حیزبی لە نێو جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هێندەی دیکەش بەهێز کرد. لە لایەکی دیکەشەوە کار و خەباتی پێشمەرگەکان و بەرگری قارەمانانەیان و شەهیدبوونیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا، لە نێو بیروڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوەدا دەنگی دایەوە. لە هەمووی گرنگتر تەشکیلاتی حیزبی سەرلەنوێ ژیاندەوە. نەسڵێکی دیکەی لە تێکۆشەرانی حیزبی هێنایە مەیدان کە توانیان لە ساڵەکانی داهاتوودا لە تێکۆشانی حیزبدا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن. ئەوە کە لە ڕەوتی شۆڕشی سەرانسەری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٧٩دا کوردستان زوو توانی بە دروشم و بانگەواز و ڕێبەرایەتی خۆیەوە بێتە مەیدان و ببێتە فاکتۆرێکی گەورە، ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا لەسەرتاسەری کوردستاندا وەک هێزێکی کارا و ڕێبەر دەرکەوت، بەشێکی زۆری ئاکامی ئەو میراتە سیاسی و مەعنەوی و تەشکیلاتی و فکری و ڕووناکبیرییە بوو کە لە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و کۆماری کوردستانەوە بۆی بە میرات مابوو. حیزبی ئێمە لەو قۆناخەشدا پۆلێک لە باشترین و لێوەشاوترین ڕێبەران و کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی خۆی لەدەست دان. ئەوان یا لەسەنگەردا، یا لە زیندانەکاندا و لە ژێر ئەشکەنجەدا، یا لەسەر داری ئێعدام و یا بەشێوەی زۆر ناجوامێرانە و دڵتەزێن گیانیان فیدای بردنە پێشی ئامانجەکانی حیزب کرد و بە خوێنی خۆیان قۆناخێکی دیکەش حیزب و بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلی کوردیان لە کوردستانی ئێران بردە پێش.
بۆیە ناو و یادیان بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی خەباتی حیزبەکەماندا وەک ناو و یادی باقی شەهیدەکانی دیکەی نێو کاروانی شەهیدانی حیزبەکەمان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
لە ٧٥مین ساڵی دامەزرانی حیزبەکەماندا، سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ شەهیدانی ئەو قۆناخەی خەباتی حیزبەکەمان دادەنوێنین و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکیان و پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبەکەمان و گەیشتن بە داخوازە ڕەواکانی گەلەکەمان، ئاڵای ئەو خەباتە بەرز و شەکاوە ڕادەگرین کە ئەوان سەری بەرزیان لە پێناویدا بەخشی.

# هێزی پێشمەرگەی کوردستان

## ڕێباز



بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە هۆی ئەوە کە لە لایەن هێزی حیزبەکانەوە بەشێوەی پچڕپچڕ ئەنجام دراوە، لێکەوتەکەی هەندێک خاڵی لاواز و نەرێنی بووە کە پاش زەحمەت و بەرخۆدانێکی زۆر دەسکەوتێکی زۆری بە نەسیب کورد نەبووە. خاڵە لاوازەکان بریتین لە ناوچەیی کردن و ناوبەناوبوونی خەبات، حەسادەتی سیاسی و شەڕی براکوژی، دابەشکردنی ناوچەکان و بە موڵکایەتی کردنی سیاسی ناوچەکان، دروستبوون و داڵدەدانی جاشەکان لە لایەن حیزبەکانەوە، ناهاوسەنگی هێز لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا و ... .

خەسارناسی سیاسی و ئاوڕدانەوەی زانستی لە خەباتی ڕەوای کورد دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هەوڵ بدەین بەپێی پێوەر و ستانداردە جیهانییەکان ڕێکخستنێکی بەهێز پێک بێنین بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، چوونکە درێژەکێشانی خەبات بەو شێوازە ناتەندرووستەی کە باسمان کرد هەم خەباتکاران ماندوو ئەکات و دەیتەزێنێ و هەم ڕۆحی ناسیۆنالیزم لاواز و کاڵ و کەمڕەنگ دەکاتەوە.

بۆ دروستکردنی هێزێکی یەکڕیز و یەکدەست لەو قۆناخە هەستیارەی ئێراندا پێویستە پێش زەوینە و هەلومەرجی سیاسی بۆ ئامادە بکرێ. پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری و دابەزاندنی ئەو هاریکارییە بۆ گشت بەدەنە و جمگەکانی حیزب و هەروەها خوێندنەوەی نوێ و بەربڵاو لە چەمکی ناسیونالیزم و سیاسەتی کوردی.

کاتێک خوێندنەوەکان بەربڵاو بن ئیتر پێویستە هەڵوێست و ئاکارەکانیش (عملکرد )بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان بەربڵاو بن و لە قەوارەی حیزب بێتەدەر و لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکاندا هەوڵی بۆ بدرێ. ناوەندی هاوکاری بە هێنانە ئارای چەمک و دەستەواژەگەلی وەک «هەرێمی زاگرۆس» ، «هێزی پێشمەرگەی کوردستان»، «دیپلۆماسی هاوبەش» و... ناچارە چالاکییەکانی بۆ ئاستی داخوازەکانی بەربڵاو بکاتەوە . بەهێزترین و کاریگەرترین حەڵقەی هاوکاری حیزبەکان لە بواری سەربازیدایە. باسکی بەهێزی حیزبەکان هێزی پێشمەرگەیە، هەر بۆیە ئەگەر حیزبەکان بتوانن میکانیزم و نەخشەڕێگایەک بۆ هاریکاری و چالاکی هاوبەش لەو بوارەدا پێک بێنن ئەوا لە ئاستی خۆرهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئێرانی داهاتوودا دەبنە خاوەن هێزی شوێندانەر.

بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکی لە خاکی کوردستان، پێویستە بزاڤی کوردی لەو بەشەدا خاوەن هێزێکی تۆکمە و پۆشتە و پەرداختی سەردەمیانە بێ و ئەزموونی پارچەکانیتر ببێ بە وانەیەک کە مێژووی ئەو بەشانە لە خۆرهەڵاتی کوردستان (وەک شەڕی براکوژی، دوو ئیدارەیی، ناوچەی دابڕێندراو و کێشە لە سەر و ...) دووپات نەبێتەوە.

بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش پێویستە پێشتر لە لایەن پسپۆڕانی سەربازی و ئاکادمیکەوە خوێندنەوەی بەربڵاوی بۆ کرابێ و لە باری تیۆریکەوە دەوڵەمەند بێ بە باس و بابەتی ڕۆژ. پێوەندی ئەرتەش لەگەڵ سیاسەت و بابەتە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری، پیشەیی و سەنعەتییەکان پێوەندییەکی نزیک و هەڵپێکراوە؛ هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین کە سیاسەتێکی دێموکراتیک و تەندرووست کاریگەری لە سەر دروستکردنی ئەرتەشی مۆدێڕن هەیە و بە دوای ئەودا هەموو ژێرخانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هتدەکان بەردەوام لە گەشەدا دەبن. ئێستە کوردستانی خۆرهەڵات لە گۆڕانکاری گەورە نزیک بۆتەوە و هێنانەئارای بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ داڕشتنی بنەمای هێزێکی هاوبەش پێویستییەکی بەڕۆژە. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕیندا بمانهەوێ و نەمانهەوێ هەموو خەڵک لە بەرەیەکی هاوبەشدا دژی دیکتاتۆری شەڕ دەکەن بەڵام ئەو دۆخە کاتییە و بڕیاری هیچ لایەنێکی لە سەر نییە، بەڵام ئەگەر پێش ڕاپەرین و ئاڵوگۆڕی سیاسی، یەکڕیزی و بەرەی سیاسی و چەکداری درووست ببێ ئەوا ئەو برگە کاتییەش دیسان لە کونترۆڵ دەرناچێ و هەیمەنەی بزووتنەوەی کوردی لە سەر دەبێ. لە نێو هەموو وڵاتێکدا تێچووی ئەرتەش بۆ دەوڵەتان لە هەموو پێکهاتەکانی دیکە زیاترە و لە کاتی ئاساییدا «ڕێژەیەکی زۆری داهاتی گشتی نێوان ٣٠٪ تا٤٠٪ بۆ کاروباری نیزامی تەرخان دەکرێ «(ارتش و سیاست، د. علیرضا ازغندی،ص ٢٠ )

لە کاتی نائاسایی و ئاڵۆزی سیاسی بەردەوامدا ڕێژەی تێچوو و خەرجی ئەرتەش چەندین بەرابەر دەبێتەوە و بگرە دەوڵەت قەرزداری دەوڵەتانی دیکە دەبێ . ئەرتەشی زۆر و بۆر و کلاسیک لە ئەمڕۆدا هەم دەوری نەماوە و هەم تێچووی زۆرە.

بە هۆی مۆدێرن بوونی ئەرتەش لە ئێستەدا زۆربەی وڵاتان ڕێژەی چەکدارەکانیان دابەزاندووە. بۆنموونە وڵاتانی ئەمریکا و ڕوسیا لە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و مودێرن بوونی ئەرتەشەکانیانەوە بەرە بەرە ژمارە و ڕێژەی ئەرتەش و تەنانەت چەکدارەکانیان کەم کردەوە.

ـ ئەمریکا . ( ١٩٥٣ - ٣٢٠٠٠٠٠ کەس) ساڵی( ٢٠٠٩ - ١٣٩٨٣٧٨ کەس). (هەمان سەرچاوە ل ٧٩ )

ـ یەکێتی سۆڤیەت ( ١٩٨٥ . ٤٣٠٠٠٠٠) ساڵی( ٢٠١٤- ٧٠٠٠٠٠ کەس). ( هەمان سەرچاوە ل.١٠٣ ).

مۆدێڕن بوونی ئەرتەشەکان بوو بە هۆکارێک کە ڕێژەی کادر و پێرسۆنێلی ئیداری بە تایبەت لە هێزی هەوایی و دەریاییدا لە چەکدارەکان زیاتر ببێ . مۆدێڕن بوونی ئەرتەش پێوەندی بە پۆشتەیی و باری لۆجستیکەوە نییە بەڵکوو پێوەندی ئەرتەش و سیاسەت و دێموکراتیک بوون سەبارەت بە ئەرتەشی پێشکەوتوو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ .

«لە وڵاتانی ئورووپاییدا بە پێی یاسا، لە فەرماندەیی نیزامیدا ئەولەوییەت بە سیاسەتە، بەو مانایە کە سیاسەت پێگەی یاسایی ئەرتەش دیاری ئەکات» (هەمان سەرچاوە ل ٤٣ ). مەترسیدارترین ئەرتەشەکان، ئەرتەشە ئایدۆلۆژیکەکانن، کۆریای باکوور، چین و کۆماری ئیسلامی خاوەن مەترسیدارترین ئەرتەشەکانن، هەڵبەت لە کۆماری ئیسلامیدا سپای تیرۆریستی پاسداران هاوتەریبی (موازی )ئەرتەش خراپترین ڕۆڵی سەربازی لە ناوچەکەدا دەگێڕێ هەر بۆیە تێچووی سپای پاسداران ئەوەندە زۆرە کە ئابووری وڵاتی تووشی قەیران کردووە.

بۆ ئێمەی کورد کە بەشێک دەبین لە ئێرانی فیدراڵ، هێزی پێشمەرگە دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی ببێ لە سنگ و قورسایی کورد لە داهاتودا و هەروەها بە زەبری هێزی پێشمەرگە ئێمەی کورد دەتوانین هەنگاو بۆ قۆناخەکانی دیکە وەک سەربەخۆیی (ئەگەر ویستی سیاسی و جەماوەری لە سەر بێ ) هەڵبگرین. ڕەنگە ئێستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و بارودۆخەوە نەتوانن هێزەکانیان تێکەڵ بکەن و هێزێکی هاوبەش پێک بێنن، بەڵام پێرەویی کردن لە ڕاهێنانێکی یەکدەست و نوێ و هەروەها هاریکاری و هاوپێوەندی دەتوانێ شناژی هێزێکی کاریگەر و یەکگرتوو بۆ داهاتوو دابڕێژێ.

ئێمەی کورد دەبێ لە ڕێگای ئاکادیمای سەربازییەوە بە پێی خوێندنەوە و ناسینی بارودۆخی کوردستان، ئێران و ناوچەکە چوارچێوەی هێزێکی یەکگرتوو و بەهێز بەپێی پێویستیی حەشیمەتی کوردستان دیاری بکەین.

لە قۆناخی ئێستەدا وەک یەکەم هەنگاو پێویستە هێزی هەموو حیزبەکانی کوردی بە شێوەی سیمبۆلیک و هێماسازی پێڕەوی لە یۆنیفۆرمێکی هاوبەش بکات.

سەرچاوەکان
ـ ازغندی، د .علیرضا . ارتش و سیاست،نشر قومس ١٣٩٢
ـ دلیرپور، د. پرویز .نظامیان و سیاست.دانشگا پیام نور.١٣٩٤.

# کەنداو و گەرووی هۆرمۆز

## خەزان هەورامی

## بەشی دووهەم و کۆتایی

سنوورە دەریاییەکانی کەنداو هێشتا بەتەواوی نەبڕاوەتەوە و دیاری نەکراوە. وڵاتانی عەرەبی بێجگە لە کێشەی ناوخۆیی بەجۆرێک کێشەی سنووریان لەگەڵ ئێران هەیە. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە کێشەی سنووریی وڵاتانی کەنداو دەکەین:

« — دوبەی و ئەبووزەبی بەهۆی ئەوەیکە لە فیدراسیۆنێکدان، سنوورە دەریاییەکانیان بە فەرمی ناناسرێ و تەنیا سنوورێکی ناوخۆییە.

- کێشەی سنووری دەریایی ئێران و عێراق درێژەی وشکانیی دوو وڵات لە شەتولعەرەبە و بەهۆی هەڵپەسێراویی کێشەی نێوان عێراق و کوەیت هەروا بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

- کێشەی سنووری دەریایی عێراق و کوەیت، پێوەندی بە چارەسەری کێشەی نێوان عێراق و کوەیتەوە هەیە.

- کێشەی سنووری دەریایی بەحرەین و قەتەر بەهۆی کۆمەڵە دورگەی «حوار» ناڕوونە.

- کێشەی سنووری دەریایی عێراق و کوەیت بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

ـ سنووری دەریایی ئێران و ئەبوزەبی بەهۆی ئاڵۆزیی دۆخی دوورگەی ئەبوومووسا و کێشەی ئەبووزەبی و عەرەبستان بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

- سنووری دەریایی ئێران و دوبەی بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

- سنووری دەریایی نێوان عەرەبستان و کوەیت بەهۆی ناکۆکی لە سەر دوورگەکانی فارو، «ام الرادم» بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

- سنووری دەریایی عەمان و ئیماراتی یەکگرتوو بەهۆی کێشە سنوورە وشکانییەکان لە بەشی باکووری «راس الخیمە» و ناوچەی «دیبا» هەروا بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە (مرزهای دریایی در خلیج فارس، صص ١٧٤ و ١٧٥).

واژۆنەکردنی کۆنڤانسیۆنەکان لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەی کەنداوەوە، کێشەیەکی ئەوتۆی ساز نەکردووە و تەنانەت بە کردەوە ناوەرۆکی کۆنڤانسیۆنەکان ڕەچاو کراوە. پەیدابوونی نەوت لە سنوورە دەریایی و دورگەکاندا تا ڕادەیەک پرسی سنوورەکانی هەستیار کردۆتەوە. بەوحاڵەش سنوورەکان نەبوونەتە کێشەی سەرەکیی وڵاتان. زۆربەی دوورگەکان بۆ ژیان نابن و کەسی تێدا نیشتەجێ نییە. ناوچەی کەنداو لە باری ئاسایشەوە یەکێک لە هەستیارترین ناوچەکانە، چونکە بێجگە لەو کێشەگەلە کە لە سەرەوە باسمان کرد، زلهێزەکانی ڕۆژئاوا وەک ئەمریکا، بریتانیا و ... ناوەندی سەربازیی گەورەیان لەوێدا هەیە. وڵاتانی شێخ نشینی ناوچەی کەنداو بە هۆکارگەلی وەک نادیمۆکراتیک بوون، مەترسیی ئێران (ژاندارمی ناوچەکە)، پرسی نەوت و ... باری ئاسایشیان هەستیارە. ئەو هەستیارییە گەیشتووەتە ئاستێک کە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو لەمێژە شۆرای هاوبەش و هاوکاری پێک بێنن. دوایین بەرەی دژەئێرانی، بەرەی هاوبەشە لەگەڵ ئەمریکا بۆ گەمارۆدانی زیاتر لەسەر ئێران، کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر ئەبێتەوە و ناوچەی کەنداو بەهۆی ئەو کێشەگەلەوە وەک ئەنبارێکی گەورەی تەقەمەنی مەترسی تەقینەوەی لەسەرە.

مافی دەریایی ئێران لە گەرووی هورمز: بەپێی پەسەندکراوی کۆنڤانسیۆنی دەریاکان، ئێران بە ئەندازەی هەموو وڵاتانی لێواری کەنداو مافی هەیە. کۆنڤانسیۆنەکانی ١٩٥٨ چوارچێوەی سەرەکی و بەشی گشتیی پرسەکانی پێوەندیدار بە مافی دەریاکانەوە پێک دێنێ. زۆرێک لە وڵاتان، کۆنڤانسیۆنەکانی ١٩٥٨ و ١٩٨٢یان واژۆ نەکردووە بەڵام وەکوو عورف، بەندەکانی ڕەچاو ئەکەن. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان لە دیاریکردنی سنووری دەریاییدا نارێکبوونی لێواری زەریاکانە. زۆربەی زەریاکان لێوارێکی ڕێکوپێکیان نییە. بەشێک لە سنوورەکان برگەبرگەن، بڕێکیان کەنداوی بچووک بچووک خاکی لێوارەکانی دابڕیوە. لە بەشێک لە سنوورەکاندا دوڕگەی گەورە و تەنانەت کۆمەڵە دووڕگەی بچووک بەدی ئەکرێ. ئیسکلە و بەندەری دەسکرد، لە هەندێک لە لێوارەکاندا تیرەشانی بەردینە چۆتە نێو زەریاکانەوە، دڵتا و ڕووبارە گەورەکان لە سنووری دوو وڵاتەوە ئەڕژێنە دەریاکانەوە هەر هەمووی بۆ خۆیان هۆکارگەلێکن بۆ نارێکیی لێواری دەریاکان و کێشەی دیاریکردنی سنووری دەریایی. لە سەرەتادا شەش مایل بۆ کەوشەنی دەریایی دیاری کرابوو، بەڵام دواتر لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بوو بە دوازدە مایل (٢٢،٤ کیلۆمەتر). «

بە ئاوگەلی پشت هێڵی دەسپێک، ئاوگەلی ناوخۆیی ئەڵێن.» ئاوگەلی ناوخۆیی لە باری یاساییەوە لە ژێر چاودێریی دەوڵەتی دەسەڵاتدارایە و دەوڵەت مافی پاوانکاریی ماسیگری، ناوچەی پاوانی ئابووری و ... بەسەرەوە هەیە. هێڵی دەسپێک هێڵێکە کە سنووری دەرەوەی دەریای سەرزەوین و باقی ناوچەگەلی دەوڵەتی لێواری پێ ئەندازەگیری ئەکرێ (حقوق بین الملل، دریاها، ص ٤٧).

هەرکام لەو سنوورە دەریاییانە کە لە «خشتەی یەکەم»دا دیاری کراوە بۆ دەوڵەتی لێوار جۆرێک ماف و خاوەنداریێتی دیاری کراوە. گەرووی هورمۆز بەهۆی کەمیی مەودای پانایی، هەم لە ئێران و هەم عەممان سنوورەکانیان چۆتە نێو سنووری دەریاییی یەکترەوە و بەجۆرێک ئەتوانین بڵێین گەروویەکی هاوبەش یا مشاعە. مافی یاسایی وڵاتی لێوار لە دەریای سەر زەوینیدا (٢٢km) بە پێی کۆنڤانسیۆنەکان دیاری کراوە.

«وڵاتی لێوار» وەکوو ئاوە ناوخۆییەکان مافی ڕەهای هەوایی و ئاوی بە سەرەوە هەیە. سەبارەت بە مافی کەڵک وەرگرتنی دەریایی وڵاتانی دیکە، هەندێک مافی سەرەکی دیاریکراوە کە وڵاتی لێوار و وڵاتانی دیکە دەبێ ڕەچاوی بکەن. ئاوەن و ڕەوەنی کەشتییەکان دەبێ ئیزنی دەوڵەتی لێواری لە سەر بێ. کەشتییەکان بە ئاڵای وڵاتی خۆیان و بێ ڕاوەستان (مەگەر ڕاوەستانەکە پێویست بێ) و بێ خەسار دەتوانن هاتووچوو بکەن. ناوە فڕۆکەهەڵگرەکان لەو ئاوگەلەدا ئیزنی فڕین و نیشتنەوەیان نییە. ژێردەریاییەکان دەبێ لە ئاوە سەرزەوینییەکاندا بێنە سەر ئاو و ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵکەن» (زعیمی، غلامرضا، تنگە هرمزص ٦٩ ). بێجگە لە دەریای سەرزەوینی ناوچەی چاوەدێری هەیە و لە دوای دەریای سەرزەوینییەوە دەست پێدەکا و (٢٢ km ) دیکە پانایی هەیە.

«لە ڕابردودا ئەو ناوچەیە وەک دەریای ئازاد حەسابی بۆ دەکرا. دەوڵەتی لێوار لەو ناوچە وەک ناوچەیەکی پاوانی ـ ئابووری دەتوانێ لە سەروبنی ئاو کەڵکی لێکۆڵینەوە، پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتییەکان، درووست کردنی سەکۆ و .... وەربگرێت. وڵاتانی دیکەش لە ناوچەی چاوەدێریدا مافی ئازادی کەشتیوانی، هەڵفڕین، کابل کێشی، بۆڕی دانان و ... هەیە» ( زعیمی ، غلامرضا ، ص ٧٠)

ئەوەی ئێران لە کاتی گوشارە سیاسییەکاندا هەڕەشەی بەستنی گەرووی هورمۆز ئەکات، بەهۆی سەرکێشی و ملهۆڕییەکانەوەیە ئەگینا کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ناوچەی دەریای سەرزەوینیدا دەتوانێ بەربەست و کۆسپ درووست بکات.

سەرچاوەکان:
١- رابین چرچیل و آلن لو، حقوق بین الملل دریاها، دکتر بهمن آقایی
٢- زعیمی، غلامرضا، تنگە هرمز، دفتر پژوهشهای فرهنگی، ١٣٨١
٣- مهدوی گورابی، محمد، امین زاده، ابراهیم، خلیج فارس. چاپ سروش، ١٣٩٠
٤- الهی، همایون، خلیج فارس و مسائل آن، نشر قومس ١٣٩٣
٥- مجتهدزاده، پیروز، خلیج فارس، کشورها و مرزها، چاپ گهر، ١٣٧٩

# گرینگیی پرسی ژن و یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئیران



سۆران چووپانی

**پێشەکی:**
پرسی ژن ئەمڕۆ یەکێك لە پرسە سەرەکیەکانی جیهانەو بەردەوام چالاکانی ژنو چالاکانی مافی مرۆڤ هەوڵ دەدەن بۆ کەم کردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزیەکانو کەلێنی نێوان ژنو پیاو.
بەڵام بە داخەوە لە ئێران بە هۆی بوونی ڕژیمێکی دژە ژن نە تەنیا ڕێگە بە چالاکانی ئەم بوارە نادەن بەڵکوو بەردەوام مافەکانی ژنان لە لایەن خودی دەسەڵاتەوە پێشێل دەکرێت.
ئەگەر ئاوڕیک لە بوچوونی هەموو زانایان و لێکۆڵەرانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەیلەسوفانی دەورانی دوای ئیسلام و دەسەلاتی دیکتاتۆری بدەینەوە لەو باوەڕەدان کە هەر وڵاتیک سیستەمی بەڕێوەبەری مەزهەبی بێت، بە هیچ شێیوەیەک مافی دیموکراسی و ئازادی بەتایبەت ژنانی تێدا ڕچاوو نەکراوە، بەڵکو تاکو ڕێگای پێدراوە لە چەند خاڵدا ڕەگەزی مێینەی وەک کۆیلە و بێدەسەڵات هێناوەتە ئەژمار دەسەلاتی پیاووسالاری زەق کردوەتەوە و زیاتر بڕیاراتی کۆمەڵگا لە هەر بوارێکدا بە دەست پیاوانەوەیە.

پەیڕەو کردنی بێمافی و توندوتیژی لەدژی ژنان ریشەی لە پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا دایە.
لە کۆمەڵگای ئێراندا توندوتیژی دژبە ژنان ئەساسەن لە حاکمیەتی ڕێژیمێکی ستەمکاری مەزهەبیەوە سەرچاوە دەگرێت کە یاساکانی لەسەر پەروەردەی دینیە.
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی دژایەتی لەگەڵ ژندا دەکات و بە ڕەچاو کردنی قانوونی ئیسلامی بە شێوەیەکی نیهادینەکراو مافە مەدەنی و ئینسانیەکانی ژنان پێشێل دەکات و بە زەوت کردنی هەموو ئازادیێکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە ژنان رەسمیەتی داوەتە پەیڕەوکرانی توندوتیژی هەمە لایەنە لەدژی ژنان لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا ،هەم لە لایەن دەسەڵات و پیاوانەوە.
یەکێک لە پاڵپشتیەکانی بەردەوام مانەوەی حاکمیەتی ڕێژیمی ئیسلامی فەرهەنگی پەرتووکاوی پیاوسالاریە لە کۆمەڵگادا.
لە قانونی ڕژیمی ئیسلامیدا ژنان وەک بەشێک لە دارایی و ملکی پیاوان بە ئەژمار دێن.
بەپێی مادەی ١١٠٥ی یاسای مەدەنی ڕژیمی ئێران لە پێوەندی نێوان ژن و مێرد دا پیاو سەرۆکی بێ ئەملا و ئەولای بنەماڵەیە.
شوڕای نیگابانیش بڕیاری داوە ژن بەبێ ئیجازەی مێردەکەی ناتوانێت لە ماڵ بچێتەدەرەوە تەنانەت ئەگەر بۆ ناشتنی باوکیشی بێت.
لە ئەگەری سەرپێچی کردنی ژن لە بڕیاری مێرد کە (مەعمولەن) توندوتیژی لەدژی ژنانی لێدەکەوێتەوە، لە ناوەندە قەزاییەکاندا بە پشت بەستن بەم یاسایانە ژنان سزا دەدەن.
قانونەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی توندوتیژی لەدژی ژنان لە کۆمەڵگەدا نیهادینە و بڵاوەی دەکات و ڕەوایەتیشی پێدەبەخشێ.
رۆحانیەکانی حاکم بەسەر ئێراندا پەسند کردنی یاسا لەدژی ژنان وەک جێ بە جێ کردن بە یاساکانی ئیلاهی چاولێدەکەن و پیادەکردنی ئەم یاسایانە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە پێویست دەزانن.
لەبەر ئەوەی پێیانوایە بە پەیڕەو کردنی توندوتیژی لەدژی ئەوان دەتوانن بەر بە فەساد و بێ سەروبەری لە کۆمەڵگەدا بگیردرێت.
لە حاڵێکدا بەپێی راپۆرتەکان، ئاماری دیاردە دزێوەکان لەنێو پیاواندا کە ئاخوندیشیان تێدایە شیاوی بەراورد کردن لەگەڵ ڕێژەی ژنان نەبووە و گەلێک زیاترە.
بەپێی مادەی ٦٣١ ی یاسای سزادانی ئیسلامی، ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا لە ژووری خەودا ببینێ و بیکوژێ، بە قەتڵ هەژمار ناکرێت و هیچ جۆرە سزایەک نادرێت.
لە حاڵێکدا ئەم مافە بۆ ژنان ڕچاو نەکراوە.
مادەی ٣٠٠ی یاسای سزادانی ئیسلامی دەڵێ: دیەی کوشتنی ژنی موسڵمان بە ئەنقەست یان غەیرە ئەنقەست نیوەی دیەی پیاوێکی موسڵمانە.
مادەی ١٠٢ی ئەم قانونە دەڵێ: پیاو لە کاتی بەردباران کرانیدا تا نزیکی پشتوێنی و ژن تا نزیکی سینگی لە چاڵ دەندرێت ئەوکات ڕەجم دەکرێن.
یەکێک لە بابەتە گرنگەکان کە دەبێتە هۆی توندوتیژی لەدژی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا بە یاسایی کردنی حیجابی زۆرەملی ئیسلامی بۆ ژنانە.
بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامی ئەو ژنانەی کە حیجابی ئیسلامی لە شوێنە گشتیەکاندا ڕەچاو نەکەن بە ٧٤ زەربە شەلاق سزا دەدرێن.
قانونی ئەساسی ئێرانیش مافی ژنان لە چوارچێوەی ئەم قانونە کۆنەپەرستانە دژبە ژنەدا بە ڕەسمی دەناسێت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تواوی ئەمانە مەحکووم دەکات و دژی مافی مروڤ دەیزانێت. ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەک بوون لە یاسای دژە ژنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە پەیڕەوی کردن لە پەروەردەی ئیسلامی کە لەگەڵ کەلتووری پیاو سالارانەی حاکم لە کۆمەڵگادا زیان وێکەوتووی ژنانی لە بەرانبەر توندوتیژی هەمە لایەنە و سیستماتیکدا بەرێژەیەکی بەرچاو هەڵکشانی بەخۆوە دیتوە.
بەمجۆرە دەبینین کە لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ژێر حاکمیەتی ڕژیمی ئیسلامیدا کە چەند هاوسەری، هاوسەر گیری کاتی، سیغە، هەڵاواردنی رەگەزی، بێبەش کردنی ژنان لە مافی سەرپەرەشتی کردنی منداڵەکانیان کە دژوارترین گوشارە رەوانیەکان دەخاتە سەر دایکان، ئەمانە و زورێکتر ئەو نموونەی توندوتیژیانەن کە لەسەر بنەمای بەندێک لە قانون و ئیلهام گرتوو لە ئایات و رەوایاتی ئایینی ئیسلام، بەسەر ژناندا پەیڕەو دەکرێن.
توندووتیژی لەدژی ژنان سنوورێکی نییە و وەک دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی، هەموو دنیای داگرتوە و مێژویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، بەڵام لەمرۆشدا نیزامی دیکتاتۆری ئاخوندی ڕژیمی تاران لە سەردەمی ئێمە هۆکاری مانەوەیەتی.
بەم ئیعتیبارەوە توندوتیژی لەدژی ژن بە گشت دزێویەکانیەوە بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و وەک هەر دیاردەیەکی تر دەبێ بەستێنی سەرلەنوێ رەگئاژۆ کردنەوەی بناسین و بەپێی تایبەتمەندیەکانی بە شێوەی ڕێکخراو و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ خەبات لەدژی هێزی ژنان و پیاوانی ئازادی خواز و بەرابەری ئامادە ببن.
دەبێ گوشارێکی وەها بخرێتە سەر ئەو ڕژیمە کە قەبوڵی بکەن پەیڕەو کردنی هەموو جۆرە توندوتیژیەک لەدژی ژنان لە ماڵەوە، مەدرەسە، ناوەندەکانی کار و لە هەر جێگایەکی دیکەی کۆمەڵگەدا، سزای قورسی بەدواوە بێت.
نابێ هیچ کەس ئیزن بە خۆی بدات توندوتیژی لەدژی ژنان بە کردارێکی ڕەوا، بنەماڵەیی، فەرهەنگی و مەزهەبی بزانێت و لە بەدواداچوون و سزای یاسایی بەدوور بێت.
هەر کەسێک و بەهەر شێوەیەک لەدژی ژنان توندوتیژی بکات، بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەک دەبێ سزا بدرێت. نە تەنیا دەبێ هەموو جۆرێکی ئازاردان و سوکایەتی کردن لە کۆمەڵگە و هەر شێوەیەک لە توندوتیژی لە شوێنی کاردا بە تەواوەتی قەدەغە بکرێت، بەڵکو دەبێ ئەو کەسەی توندوتیژی نواندوە و خاوەنکاریش بکەونەژێر لێپرسینەوەی یاساییەوە و سزا بدرێن.
تەنیا بە هێزی خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتوانە و بە بەشداری بەرینتری جەماوەری ژنانی بە بیر و شۆڕشگێڕ و مافخواز و زۆرلێکراو و ئەو پیاوانەی کە مانەوەی ئەم ستەمگەریە بە گوشارێکی ئازاردەر و سوکایەتی ئاشکرا بە ئینسانیەتی خۆیان دەزانن، دەکرێت لە ئێستاوە تا رادەیەک ژینگەیەکی ئەمنتر لە ماڵ و پێوەندی و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤتەوەرانە لە کۆمەڵگەدا و هەلومەرجێکیلەبار و ئەمن لە شوێنی کاردا فەراهەم بکرێت.
بەڵام بێگومان لە کۆتاییدا بە ڕزگار بوون لەشەڕی ڕژیمی دیکتاتۆری ئێران و دامەزراندنی نیزامێکی یەکسانیخوازە کە دەکرێت بۆ هەتاهەتایە ئەم پەڵەی شەرمەزاریە لە داوێنی مرۆڤایەتی بسڕدرێتەوە کە بەوپەڕی دڵخۆشیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانویەتی لەو خەباتەیشدا سەرکەوتوو بێت و زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەم بابەتە گرینگە ئاگادار کاتەوە .
رووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەنگاوێکی گرینگە لە رەوتی رزگار بوون و ئازاد بوونی ژنان کە ماڤەکانی خۆیان بە جوانی بزانن.

## وێستگە

### حیزبی دێموکرات چۆن پێناسەی ژن دەکات



نووسین: هێمۆ

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٧٥ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی خۆی تێپەڕ کرد.
لە ماوەی ئەم ٧٥ ساڵەدا، حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی وەکوو حیزبێکی نەتەوەیی کە کاری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە، پەرژاوەتە سەر هەندێک بابەت و پرسی دیکەش کە گرینگیدان بەو پرس و بابەتانە هیچیان کەمتر لە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە.
لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٥ ساڵ خەباتی خۆیدا هیچکات لە پرسەکانی ژنان غافڵ نەبووە و لە هەر بڕگەیەک لە مێژووی خەباتی خۆیدا هەوڵی داوە تاکوو بە باشترین شێوە هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی ئەرک و مافی ژنان، پرسە پێوەندیدارەکان بەم توێژە هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشان لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا بە ئاکام بگەیێنێ.
ڕەنگە زۆر کەس باس لەوە بکەن کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریب کردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگدانی ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمێنیزمدایە، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە تاکوو بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی ئەرکداریان بکات بەوەی کە سەرەتا وەکوو تاکێکی کورد داوای مافەکانیان بکەن و دواجاریش وەکوو ژن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگا دەزانێت و بە جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی کە خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان بکەن کە لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە تاکوو وەکوو ڕێکخراوێکی بە پرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لە سەر بکات.
مەگەر جگە لەوەیە کە لە سێبەری نەتەوەیەکی ئازاددا، ژنانیش دەتوانن ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەنەوە؟
لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات نەک هەوڵی داوە کە ژنان بە بیرۆکەی فێمێنیستییەوە قەتیس بکاتەوە و نەک بە بیرۆکەی نەتەوەییەوە.
بەداخەوە بەهۆی نەبوونی فێرکارییەکی درووست و بەجێ بۆ ژنان، لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستانیشدا داواکردنی مافەکانی ژنان دەخەنە قاڵبی بیرۆکەی فێمێنیستییەوە و مۆرکی فێمێنیست بوون لەو ژنانە دەدەن کە داوای مافەکانی خۆیان دەکەن. بەلام لە راستیدا ئەمە مافێکی بێ ئەملاوئەولای ژنانە کە پێداگری لە سەر مافەکانی خۆیان بکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بدەن، جا ئەگەر فێمێنیزم بتوانێ ئاڵترناتیڤێکی باش و گونجاو بێت، بە دڵنیاییەوە ئەتوانێ هەوڵەکانیان وەپێش بخات.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەروەها هەوڵ بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە تاکوو بە کردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان بگرێت، هەر بۆیە بە ڕاشکاویش لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا باسی لە خەباتی خۆی لە پێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەڵاواردنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان کە بە دژی ژنان دەکرێت کردووە.
حیزبی دێموکرات لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا ئاماژە بە کەرامەتی مرۆیی دەکات و باسی لەوە کردووە کە دەبێ ستەمی جنسی کۆتایی پێ بێت هەربۆیە دەبێ دان بەو ستەمەدا بنرێت کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و کەرامەتی مرۆیی ژنانی پێ زەوت دەکرێت.
هەر لەم راستایەدا، حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی پەرورده و بارهێنانی ڕێکخراوەیی خۆیەوە، لە پێناو پەروەردەی ڕێکوپێکی ژناندا هەنگاوی هەڵگرتووە و بە هەموو شێوازێکیش ئیمکاناتی بۆ تەرخان کردوون.
لە ماوەی ئەم ٧٥ ساڵەدا، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا توانیویانە خۆیان پێ بگەیێن و بە پێناسەی درووست لە ژنبوونی خۆیان ئەو کەرامەتە مرۆییەی کە باسی لێوە دەکرێت بە دەستی بێنن.
بە پێچەوانەی ئەو سازمان و ڕێکخراوە سیاسییە ئیدئۆلۆژیکانەی کە ژنان تەنیا لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا و وەکوو کاڵاکانی دنیای سەرمایەداری و بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەکاردێنن یان بە پێناسەیەکی هەڵە لە ژنبوونی خۆیان دەیانتۆرێنن، حیزبی دێموکرات بە ڕاشکاوی دەڵێت کە ژن بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگایە کە بە ڕەنگ و بۆنی خۆیەوە دەتوانێ کاریگەر بێت، حیزبی دێموکرات هیچکات هیچ ژنێک لە ژن بوون، لە هاوسەربوون و لە دایک بوون مەنع ناکات و هاوکات لەگەڵ ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەرفەتی پێ دەدا تاکوو ئەرکی دیکەش لە ئەستۆ بگرێت چونکە بە دڵنیاییەوە پەروەردەی بەرەی داهاتوو زیاتر لە هەر کەسێک دەکەوێتە سەر شانی دایک و دایکێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێ نەوەی داهاتوو شۆڕشگێر بار بێنێت. لە راستیدا فەلسەفەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە خەبات بۆ ژیان بکات و هەر بۆیە بە هەموو شێوازێک دەرفەتی ژیان و سەرکەوتنی بۆ تاکەکانی خولقاندووە و لەم بوارەدا یارمەتیدەریانە.
ژنان لە حیزبی دێموکراتدا بۆ دەستەبەرکردنی ژیان تێدەکۆشن و لەم پێناوەشدا ئەگەر پێویست بێ، گیانبازی بۆ ئامانجەکەیان دەکەن.

# قانع و کوردستان



شوێنی ژیان و وڵات و هەست بە یەکبوون و لێکنزیکبوون و هەروەها هۆگری بە پارچە زەوی دیاریکراو لە خاڵە بەرچاوەکانی بوونی نەتەوەیە.
جیا لەوانەش هەست و بەسترانەوە و خۆشەویستی لە بەرانبەر مێژوو و ئایین و فەرهەنگ و زمانی هاوبەش لە نێو گەلدا دەبنە ناسنامەی نەتەوە. بۆی هەیە نەتەوە بە شێوەی کۆمەڵێکی مێژوویی و پێوەندی فەرهەنگی لەئارادا بێت؛ بێ ئەوەی خاوەنی سەربەستی ڕامیاری یان دەسەڵاتی سەربەخۆ بێت.
کورد یەکێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە کەس لە دێرینەی ئەم گەلە حاشا ناکات و مێژووش ئەوەی سەلماندووە.
 بە ڕوانین لە نووسراوەکان و سەرنجدان لە کاروبارێک کە ئەم نەتەوە بەڕێوەی بردووە، دەتوانین بڵێین خاوەنی شارستانییەتی تایبەتە و بنەمای مێژوویی خۆی هەیە. ئەم گەلە هەوڵی داوە بە ئاشتی لەگەڵ گەلانی تردا بجووڵێتەوە و وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن لە مێژوودا ناوی خۆی بپارێزێت.
سەرەڕای ئەو هەموو جەور و جەفایە کە دیکتاتۆران دەرحەق بەم گەلە کردوویانە، توانیویەتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە بیر نەکات.
بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو دەبینین کە هەوڵی نەیارانی ئەم گەلە بۆ سڕینەوەی شوناس و فەرهەنگی نەتەوەیی نەزۆک دەمێنێتەوە و سینگی زانایانی ئەم گەلە دەبێتە قەڵغانی پاراستنی ناسنامە.
لە ڕابردوویەکی نە زۆر دووردا ئێمەی کورد لە کتێب و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و گۆڤار و میدیا و کەرەستەگەلی ڕۆشنکەرەوە و پەرەپێدەری فەرهەنگ بێبەش بووین. هەر بۆیە شاعیران و زانایانی گەل دەبوو بە ڕۆشنگەری و شێعر جێی ئەو کەرەستەگەلە پڕ بکەنەوە و ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. لێرەدایە کە کەسایەتیی دڵسۆز و شاعیری خاوەن هەڵوێستی گەل مامۆستا «قانع» وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی وێژە و ڕۆشنبیریی کورددا دەدرەوشێتەوە. «قانع» قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵیوە و بۆ پاراستنی ناسامەی نەتەوایەتی سڵی لە هیچ کەند و کۆسپێک نەکردووە و ژیانی خۆی فیدای ئەم مەبەستە کردووە. بە دڵ هەستی بەوە کردووە کە گەل پێویستی بە مرۆڤی هۆشیار هەیە و تا هۆشیارێک لەخۆبردوویی نیشان نەدا، گەل لە خەودا دەمێنێت و هەستانی ئەستەمە بەڵام ئەم لەخۆبردوویییە تەنیا لە نیشاندانی دەردا نییە بەڵکوو حاجی قادر وتەنی دەبێ دەرمانیشی بۆ دەستنیشان بکرێت.
کێشەی شوناس تا ئێستاش پرسی سەرەکیی نەتەوە بەشخوراوەکانە. بە درێژایی مێژوو ئەم پرسە کەڵکەڵەی سەرەکیی ڕۆشنبیران و شوێندانەرانی کۆمەڵگا بووە. کێشەی بنەمایی و مێژوویی لە شێعری قانعدا ئالاهەڵگرە. شاعیر دەیەوێت تاکی کورد وەک ئەندامی نەتەوەیەکی دێرین لە خۆی و گەلەکەی شارەزا بێت.
دیارە ئەم باسە ئاوهەڵگرە و باسی ناسینی زمان و پێشینە و بنچینەی نەتەوایەتی و کولتوور و زۆر شتی دیکەش لەخۆ دەگرێت هەر بۆیە قانع بە تووڕەییەوە لەگەڵ ئەو کەسانە مامەڵە دەکات کە لە خۆیان و بنەچەکەیان نائاگان.

## ڕۆڵە وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارە کە

مامۆستا قانع

ڕۆڵە! وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارە کە
هەفتەیەک جارێ تەماشای شۆڕی ئەم گوفتارە کە
بابی خۆت ڕەفتاری چۆن بوو، تۆش هەر ئەو ڕەفتارە کە
ڕوو لە قازانجی عموومی و پشت لە خاوەن پارە کە
بێرە مەیدانی دلێری، هەر وەکوو شێری ژیان
جەرگی دوژمن هەڵدڕە و بیبڕە وەکوو تێغی دەبان
ڕۆڵە! لافی فەیلەسۆفی لێ نەدەی هەرگیز بە دەم
نۆکەری هەرگیز نەکەی، بۆ حاکمی ڕۆم و عەجەم
چی لە دڵتایە مەترسە بیخە سەر نووکی قەڵەم
گوێ نەدەی ڕۆڵە، بە جەور و ئێش و ئازار و ستەم
ڕاپەڕە و بانگێ بدە، بۆ خزمەتی کوردی زمان
بەرخی نێر بۆ سەربڕینە نەک لە بۆ دۆشین و ڕان
ڕۆڵە! دایم چاوەڕوانی هەڵمەتی شێرانە بە
دوژمنێکی زۆڵە کوردی نۆکەری بێگانە بە
هەر بە هیوای دەنگ دلێری و ژینی سەربەستانە بە
کەوتە ڕۆژی خۆی خەریکی تۆڵەیی دوولانە بە
ڕۆحی شیرینت دەرێنە بۆ دەوای دەردی گران
ڕوو کەرە قەندیل و ئاکۆ، هەر بڵێ: یا نیشتمان!
کەڵووڕ و سوورسوور و گەشکی و شاری کرماشانەکەت
بەختیاری و مەنمی و هەم شاکەلی و شیروانەکەت
ماییدەشت و باجەڵان و سانی هەورامانەکەت
پژدەر و بلباس و هەرکی و جافەتی و گۆرانەکەت
دەس بە دەس یەکتر گرن، بۆ یەکتری وەک پشتیوان
تێ بکۆشین بۆ ژیانی کورد و خاکی کوردستان
ڕۆڵەکەم! خوێندن بخوێنە! مەکتەبە دەرمانی کورد
تێگەیشتن مەرهەمە، بۆ زامی بێ سامانی کورد
لاپەڕەی مێژوو ئەزانی، چۆن بوون شێرانی کورد
باسی بابا ئاردەڵان و زەندی و بابانی کورد
ئەورووپا نووسیویە بۆ تۆ یەک بە یەک وەک داستان
تۆش بە چاکی ڕایگەیەنە بۆ نەخوێندەی کوردەکان
ئەو ژیانە کەی ژیانە؟ وەک کەوی بەندی قەفەس
ژێرچەپۆکەی ڕافزی بی و ژێردەسەی پیاوی تەرەس
پەت لە مل بی و ڕاتبکێشن، هەر وەکوو تانجی و مەرەس
نامەوێ ئەو جۆرە ژینە، دەک خوا نەیدا بە کەس
قەف قەفی حەڵقەی کەلەپچەت هەڵبڕە وەک پاڵەوان
خۆت و منداڵت بە کوشت دە بۆ ڕەواجی کوردستان

## هەموو کەس شارەزای من بێ کە شێر و شێرەزای کوردم
## شێرەزای کوردم

مامۆستا قانع

هەموو کەس شارەزای من بێ، کە شێر و شێرەزای کوردم
بە دایم گوە بەرلاوزی، دەلیل و ڕەهنومای کوردم
خوا نەیکا ئەگەر دەردێ زوهووری کرد لە کوردستان
وەکوو قۆچ خەلیلوڵڵا، بە قوربان و فیدای کوردم
فیدایی من لە بۆ کوردان، خوسووسی قەت نەبینراوە
بچووکی بەگلەر و شێخ و مەلا و شاه و گەدای کوردم
ئەجەل دەستی من و داوێنی تۆ فریا کەوە زوو بێ
بە خۆم و ڕۆحمۆ حازر، لە بۆ دەفعی بەلای کوردم
چ باخێ پڕ لە گوڵ، هەرگیز نەبینراوە بەبێ بولبول
منی سەودازەدەش وەک بولبولی شاخ و چیای کوردم
لە خزمەت با بەجێ مابم، بە تەیرێ هەر ئەبم مەعلووم
کەوابوو، هودهودی شەهری سلێمانی سەبای کوردم
لە سووتانا چ بێ باکم، کە چۆن پاش مردنم قانع
لە چاوی ئەهلی دانشدا، وەکوو ڕۆح تووتیای کوردم

## کوردە وەسفی کوردستانت خۆشترە تا سەد کیتاب خاکت بە نرخە

مامۆستا قانع

کوردە وەسفی کوردستانت، خۆشترە تا سەد کیتاب
سیاچەمانە خۆشترە بۆ تۆ هەتا چەنگ و ڕوباب
شۆڕشی قەلبت ببێ و گوێ ڕاگری بە دەنگی نەی
جەرگی بەدگۆی کوردستانت، هەڵ ئەقرچێ وەک کەباب
دەنگی شمشاڵ و خرۆشی دەف، بگاتە هەر دڵێ
حاسڵی کشف القبورە، ڕۆشنە زومرەی عەزاب
ئافەرەم بۆ تۆ وەتەن، وا خاک و خۆڵت گەوهەرە
غەیرە مەحسوورە تەعامت، زۆر و بێ حەد و حیساب
من لە دنیادا هەوارم ماڵە گەورە و شێرە بێ
ڕۆژی مەحشەر چاترم بۆ دەفتەر و نامە و کیتاب
مامۆساکانمان ئەڵێن: دنیا نموونەی ئاخرە
تێ بفکرێ خۆت ئەزانی کێیە حازر بۆ عەزاب
سابتت کرد قانعا! کوردان لە گشت کەس چاترن
مژدە بێ بۆ کوردەکانی هەرزەکارانی شەباب

KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 781 • 21 August 2020

# پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

## بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد:

### ڕێکخراوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ئیسرائیل

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٧٥ ساڵ لەمەوپێش، حیزبە تێکۆشەرەکەتان لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە شاری مەهاباد دامەزراوە، ئامانجی ئێوە لە دامەزراندنی ئەو حیزبە مۆدێرنە، خەبات و تێکۆشان بووە بۆ گەیشتنی کورد بە سەربەستی، ئاواتێک کە خەڵکی ئیسرائیلیش هەردەم لەپێناویدا هەوڵیان داوە. خەڵکی کورد هەزاران ساڵە لەسەر خاکی باب و باپیرانی خۆیاندا، واتە کوردستان ژیاون و دەژین. هەر بۆیە مافی ئەوەیان هەیە وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، خاوەن وڵاتی سەربەخۆی خۆیان بن. لەگەڵ ئەوەش ئێمە ڕێز لە ئێوە و بڕیارەکانتان دەگرین کە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی جیهان و ناوچەکە، داوای پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ دەکەن. خەڵکی ئیسرائیل و خەڵکی کوردستان، لە داهاتووی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوچارەنووسن و پێکەوە دەتوانن هەوڵ بدەن لەپێناو دروستبوونی هاوپەیمانیەتییەکی بەهێز. لە کۆتاییدا، پەیامی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە کە قەت لەپێناو وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانتاندا بێ هیوا مەبن، هەر وەک چۆن گەلی ئیسرائیل بێ هیوا نەبوون هەتا بە سەرکەوتن گەیشتن.
دیسان پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین!
ڕێکخراوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ئیسرائیل

.....................................................

### یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز/ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بابەت/ پیرۆزبایی
سڵاوێکی گەرم...
بەبۆنەی «حەفتا و پێنجەمین» ساڵوەگەڕی دامەزراندن و «یووبیلی ئەڵماسیـ»ـی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، پیرۆزبایی لە لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کەسوکاری شەهیدان و تەواوی پێشمەرگە و ئەندامەکانتان دەکەین. دیارە کە لە مێژووی خەباتی پڕسەروەریی حیزبی دێموکرات، سەرباری ئاستەنگ و دژواری و ڕێگەی خەبات، دەسکەوتی گەلێک مەزنی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست هێناوە، لەم پێناوەشدا هەر لە سەرەتاوە، ڕێبەرانی حیزب سەرقافڵەی کاروانی شەهیدانیان گرتووە کە لە پێشەوا قازی، شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید سادقی شەرەفکەندی، نموونەی هەرە دیار و بەرجەستەی ئەو تێکۆشانە مەزنە بوون. جێی بایەخە کە یەکیەتی و حیزبی دێموکرات لە زۆر وێستگەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا هاوکار و پشتیوانی یەکدی بوون کە ئەم دۆستایەتی و هاوپیشەییە، لە فکری پڕ حیکمەتی سەرۆک مام جەلال و شەهید دوکتور قاسملووەوە سەرچاوەی گرتبوو کە جێ پەنجەی بە سەر نەخشی زۆر ڕووداوی سیاسییەوە هەبوو.
دووبارە ئەم یادە پیرۆز دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان.
لەگەڵ ڕێزدا/ سالار سەرحەد خەلیفە یونس
ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)
ل. بۆردی پێوەندییە کوردستانییەکان
١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

.....................................................

### ئەنیستیتۆی کوردی واشنتۆن

بۆ بەڕێز «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕێز و حورمەت
لە حەفتاوپێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابتان، ئەندامانی ئەو حیزبە، خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەموو گەلی کورد دەکەم. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕۆڵە قارامانانەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەبات بۆ ئازادی و مافەکانیان گێڕاویانە. حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بۆ هەموو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و ورە بووە. حیزبی دێموکرات هەڵگری چەندین میداڵی شانازییە وەکوو پێشەوا قازی محەممەد و قاسملووی مەزن. هەروەها دەمهەوێت لەم هەلە کەڵک وەربگرم بۆ ئەوەی سڵاوی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو قارەمانانە بکەم کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە بەگژداچوونەوەی تێرۆریستانی سپای پاسداران و جاشەکانیان گیانیان بەخت کردووە. ئێمە یادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بەرز ڕادەگرین و ئەو یادە بۆ هاوکارانمان لە ئەنستیتۆی کوردی واشینگتۆن ئیلهامبەخش و ورە بەخشە. پێمان وایە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە ڕێبەرایەتیی ئێوە و حیزبی دێموکرات ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی خۆشەویستماندا دەشەکێتەوە. لە کۆتاییدا دەمهەوێت سپاستان بکەم بۆ بەردەوامکردنی خەبات بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت. ئێمە بایەخی تەواومان بۆ ڕێبەرایەتیی جەنابتان هەیە و هەروەها خۆمان بە موتەعەهید دەزانین کە درێژە بە هاوکاری لەگەڵ ئێوە لە ڕێگەی نوێنەرتان «ئارش ساڵح» لە ئامریکا بەین بۆ ئەوەی دەنگی ملیۆنها کوردی ڕۆژهەڵات بگاتە گوێی دنیا.
لەگەڵ ڕێز / یوسف ئازاد
ئەنستیتۆی کوردی واشنتۆن

.....................................................

### پارتی «لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان»

بۆ بەڕێز: ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ب/ بروسکەی پیرۆزبایی
لەگەڵ سڵاو و ڕێزێکی شۆڕشگێڕانە
بەبۆنەی ٧٥ ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی و هەموو ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران وەک یەکەمین حیزبی سیاسی کە ٧٥ ساڵ پێش ئیستا پێی نایە ناو گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخواز و نەتەوەیی و لەپێناو گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان مێژوویەکی پڕلە سەروەریی لە مێژووی خەباتی سیاسی خۆیدا تۆماری کردووە و لەو ماوەیەشدا بە دەیان ڕۆڵەی گەلەکەمان بۆ پاراستی سەروەری و پاراستنی گەلە و خاک و نیشتمان گیانی پاکیان کردووەتە قوربانی.
لە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسساز داین پێویستە گلەیی و گازەندەکای و ناکۆکییەکان وەلا بنێین بە یەکگرتوویی و یەکدەنگییەوە بێینە مەیدانەوە کە زیاترلە هەموو کات گەلەکەمان پێویستیی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە هیواداریـن هەموو لایەنەکان بە هەستی بەرپرسیاریەتی بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی کار بۆ گەیشتنی بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەین کە ویستی گەلەکەمانە و ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی یەکگرتووی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران و ڕەمزی سەرکەوتنمانە بێت. جارێکی دیکەش بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی ٧٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ئاراستەی ڕێبەرایەتی و پێشمەرگە و هەموو ئەندامان ول ایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران دەکەین.
پارتی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان/ ئەنجومەنی سەرکردایەتی
چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژ ٢٧٢٠

.....................................................

### کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بۆ بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
وێڕای سڵاوێکی گەرم
بەبۆنەی یادەوریی ٧٥ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانتان دەکەین. یادی زیاتر لە ٧ دەیە خەبات و تێکۆشان و چالاکیی ئێوە وەکوو حیزبێکی بە ئەزموون، لە دەروون و مێژووی نەتەوەکەماندا هەرمانە. لەم سەردەم و بارودۆخە نوێیەدا، پێویستیی یەکیەتی و پاراستنی یەکڕیزی کە یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی حیزبە هەڵسووڕاوەکەتان بووە، زیاتر لە جاران خۆ دەنوێنێت. دڵنیاین بەپێی ڕەوت و کارنامەی پێشووتان، گرینگایەتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە لای ئێوەش پڕ بایەخ و هەستپێکراوە، هەر بۆیە ئاواتەخوازین بە کۆدەنگییەوە بەرەو پێشی ببەین. جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە، هیواداریـن حیزبە خەباتگێڕەکەتان شێلگیرتر و سەرکەوتووتر لە جاران، لەپێناو و لە ئاراستەی ئامانجەکانی گەلی کورد و مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی تێکۆشان بکات و بە هەوڵێکی هەمەلایەنە، داهاتوویەکی گەشاوە بێنێتە دی.
لەگەڵ ڕێز/ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی
١٥ی ئاگوستی ٢٠٢٠

.....................................................

### حیزبی شیووعیی کوردستان-عێراق

بەڕێز: لێپرسراوی گشتی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بابەت: پیرۆزبایی
بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزبی شیووعیی کوردستان، پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادەتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ کە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی دەکەنەوە، درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە، لەپێناو هێنانە دیی مافی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە کاروانی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەبوو، لەم ڕێگایەشەوە قوربانی و شەهیدی زۆری پێشکەشی گەلی کوردستان کردووە. هیواداریـن ئەم یادە ببێتە مایەی زیاتری یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجە ڕەواکاندا. لە کۆتاییدا جارێکی تر جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینەی هەر دوو لامان دەکەینەوە. دوبارە پیرۆزباییمان قبووڵ بفەرموون.
لەگەڵ ڕێزما/ مەکتەبی سیاسی/ حیزبی شیووعیی کوردستان-عێراق
١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

.....................................................

### پارتی ئازادیی کوردستان

سڵاوی خەبات و تێکۆشان
خۆشحاڵین لەلایەن مەجلیسی گشتی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادی کوردستانەوە بەبۆنەی یووبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی گەرم پێشکەشی ڕێبەرایەتی و سەرجەم ڕیزەکانی حدکا و دۆستان و لایەنگرانی بکەین. هەروەها لەم بۆنەیەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کاروانی خەباتی ٧٥ ساڵەدا، گیانیان بەختی وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد و ئامانجەکانی حیزبەکەیان کردووە. پارتی ئازادی کوردستان PAK هەمیشە سەرەڕای جیاوازییەکان، بەڕێز و بایەخەوە ڕوانیویەتە، خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێگەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هەندێک وێستگە و بڕگەی گرینگ وهەستیاری سێ دەیەی ڕابردوودا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکاندا هاوکار بوون و پشتیان بەیەکەوە بووە. هەڤاڵانی بەڕێز، ئەم بۆنەیە بە دەرفەت دەزانین کە لە سەر پەرەپێدانی پێوەندییەکانمان و کارکردن لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی لەپێناو ئەستاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهێنانی دەزگا و دامەزراوەی نیشتمانی و بەهێزکردنی لەشکری نەتەوەیی و نیشتمانی ناحیزبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدابگرین.
لە گەڵ ڕیز و پیرۆزبایی دووبارەدا/ پارتی ئازادیی کوردستان PAK
کۆمیتەی پێوەندییە گشتییەکان
١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ک/ خەلیل نادری

.....................................................

### کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لەگەڵ سڵاو و ڕێز؛
٧٥مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان پیرۆزبایی دەکەین، دروستکردنی حیزبی دێموکرات لە ڕاستیدا سەرەتای مۆدێڕنبوونەوەی خەباتی نەتەوەییە لە بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو حیزبە بە درێژایی تەمەنی بە دژی زوڵم و زۆری سەر گەلی کورد وەستاوە و قوربانیی داوە و شوێن پەنجەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دیارە. هیواداریـن لە یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی یەکڕیزیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی چڕتر بکرێتەوە. بە پێویستی دەزانین لەو یادەدا سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو ئەوانەی لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا گیانیان بەخت کردوە و سەری ڕێز بۆ بنەماڵەی و کەسوکاریان دانوێنین. هەروەها بۆ جارێکی دیکە جەخت لە پێوەندیی دۆستانە و کاری هاوبەشی خۆمان لەگەڵ ئێوە دەکەینەوە، لامانوایە پێویستە ئەو هاوکاری و دۆستایەتییە لەگەڵ یەکتر و دیکەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان پەرەی زۆرتری پێبدرێ.
دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ زایینی
١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی کۆچی

.....................................................

### پەیامی «یزاکا»

ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی دێموکرات!
بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی یەکیەتییەکەمان قەبووڵ بفەرموون.
ڕێبوارانی ڕێبازی پێشەوای کوردان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم حیزبی مۆدێڕن و خاوەن بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسی و حیزبیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی ئێرانە، ئەم حیزبە هەڵگری بەیداخی نەتەوەیی و ڕسالەتێکی گەورەی کوردایەتییە، گیانبازیتان لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری جێگای ڕێز و دەستخۆشییە.
دڵنیاتان دەکەینەوە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات، پشتیوانیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران لەگەڵتانە، هیواداریـن بە یەکگرتوویی و یەکگوتاری لەم ڕێبازە پڕشکۆیەدا بەردەوام بن.
یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران

.....................................................

### سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
بەڕێز/ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
نامەی بەڕێزتان لە پێوەندی بە یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئێمە گەیشت، بەم بۆنەوە پیرۆزباییەکی گەرم بە ئێوە و سەرجەم ئەندامانی حیزبەکەتان ڕادەگەیەنین و هومێدوارین لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی بە ئیرادە و هێزێکی زیاترەوە ڕوو بە پێشەوە بەردەوام بن. بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە کە کاریگەریی لەسەر جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان و شۆڕش لە بەرانبەر ڕێژیمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار لە ئێراندا هەیە؛ هەر بۆیە پێویستە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا کە ڕووخانی حکوومەتی ئاخوندەکان نزیکە، بناغەی هاوکاری و یەکدەنگیی نێوان هێزە ڕەسەنەکانی گۆڕەپانی جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان لەسەر بنەمای نەخێر بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهـ داڕێژین و هەموو پێکەوە کار بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکان و یەک لەوان کار بۆ پرۆژە و پلاتفۆڕمی هاوبەش لەنێو جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستانی ئێران بکەین. بەڕێزان! لە کاتێکدا یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرز ڕادەگرن کە جیهان و ناوچەکە و ئێران بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و هەموو نیشانە و دەرکەوتەکان باس لە ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی و نەمانی یەکجاریی ڕێژیمی ئاخوندی دەکەن و ئەو هەلومەرجەش، زەروورەتی خۆتەیارکردن بۆ پێشوازی لە هەر ئەگەرێکمان بیر دەخاتەوە. بە بڕوای ئێمە کۆبوونەوە لە دەوری گووتاری ڕووخان و هەنگاونانی کردەیی بۆ ئەو ئامانجە و یەکێتی و برایەتیی ناو جووڵانەوەکە و هەروەها لە خەبات بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی دیکاتۆر لە ئێران لە پێشترینی ئەرکەکانمانە و پێویستە دروستکردنی بەرەیەکی هەمەلایەنە لەو چوارچێوەدا بخرێتە دەستووری کارمانەوە.
بەڕێزان! سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە، دووبارەنەبوونەوەی ڕووداوە تاڵەکەنی ڕابردوو و خولقاندنی هەلومەرجی شیاو لەپێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلی کورد و ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی، حوکممان پێ دەکات ڕێگەی تەبایی و یەکدەنگی، باشترین و چارەسازترین بژاردەیە. جارێکی تر پیرۆزبایی یادی دامەزراندنتان پێشکەش دەکەین و ئومێد دەکەین بە زووترین کات داری ئازادی بەر بگرێت و بە ئازادبوونی کوردستان و ڕووخانی حکوومەتی ستەمگەری ئاخوندەکان، شاهیدی بونیادنانی دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکراتیک کە مافی هەموو توێژێک تێیدا پارێزراو بێت، بین.
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران/ دەفتەری سیاسی
١١/٨/٢٠٢٠

.....................................................

### پەیامی بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان

زۆر بەڕێز «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بابەت/ برووسکەی پیرۆزبایی
سڵاوی سەربەخۆیی و ئازادی...
بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرکردایەتی و گشت ئەندام و دۆست و جەماوەرتان دەکەین، داواکاریی پێشڤەچوون و سەرکەوتنی بەردەوام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخوازین، ئەو بۆنە بە دەرفەت دەزانین جارێکی تر جەخت لەسەر پتەوکردن و بەرەو پێشەوە بردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان (بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) دۆست و هاوپەیمان دووپات بکەینەوە لەپێناو خزمەتکردن بە ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان.
ئەنجومەنی سەرکردایەتی
بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان
١٠ی ئاگوستی ٢٠٢٠ی زایینی